گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/d0k7kc51
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 10/08/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ڕەهەندەکانی لەشکرکێشی مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم

**حسێن عبدالله خدر[1] - حسێن عبدالرحمن حسێن[2]**
hussen.abdullah@uor.edu.krd - hussein@uor.edu.krd
[1] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عێراق.

**پوختە:**
لەم توێژینەوەیە باس لە ڕەهەند و پاڵنەرەکانی پشـت هێرش و لەشـکرکێشی۔ مەغۆل بۆ سـەر دەوڵەتی خوارزم کراوە. تێیدا گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەو شاڵاو هێرشە خراوەتەڕو، بە پێی پلەبەندی نزیکی لە بەدوای یەکداهاتنی ڕەهەندەکان، لە بەریەککەوتن و تێکەڵاوبونی گەلانی ئەو دو وڵاتە ، هاوکات هەوڵ دراوە کاریگەرترین ڕەهەند لەبەر چاو بگیرێت، فاکتەری جوگرافی کە دواجار بوە مایەی لێک نزیک بونەوەی سـنورە دورەکانی نێوان هەردولا و ئاشـنابون وتێکەڵ بونی زیاتری نێوانیان، هەرچی فاکتاری سیاسی و فراوانخوازی بو زیاتر هانی مەغۆلەکانی دا بۆکشانیان بەئاراستەی خۆرئاوا، ئەوە لەکاتێک دا پاکتاوکردنی هێزە نەیارو دوژمنەکانیان لە خۆرئاوا سەرنجی ئەوانی بۆ ئەو ڕوگەیە وەرچەرخاند. هەروەها بونی تاکە هێزێکی سیاسی بەهێز لەو ناوچەیە کە خۆی بەهاوشـانی هێزی ئەوان دەزانی وایکرد هەسـتی ڕکابەری لەناخیان گەشـەبکات، وکار بۆ سـەپاندنی تاک جەمسـەری هێزی سـیاسی و سـەربازی خۆیان بەسـەر ئەو ناوچەیەدا بکەن، بۆیە بونی هێزێکی تر لەوناوچەیە جگە لە خۆیان قەبوڵ کراو نەبو لایان. هەروەها هۆکاری سـەرەکی ئەو شـاڵاوە خۆی لە هۆکاری ئابوریی دا دەبینێتەوە بەتایبەت لە پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەو دو دەوڵەتە دراوسـێیە،کە کوشـتنی کاروانە بازرگانیەکەی مەغۆل لەلایەن دەسـەڵات دارو سـەرداری شـاری (ئەترار) (یەنال خان)لەسـاڵی (٦١٦ک/١٢١٩ز)، بیانوی دا بە خانی مەغۆل لەهێردشکردنە جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتی خوارزم.
لەپاڵ ئەوەدا پاڵنەرو هاندانی دەرەکی ڕۆڵی گرنگی گێڕا کە خۆی لە ململانێی نێوان خیلافەتی عەباسی ودەوڵەتی خوارزم دەبینیەوە، لە هانابردنی خەلیفەی عەباسی(ناصرلدين الله)،(٥٧٥- ٦٢٢ک/١١٧٩-١٢٢٥ز)بۆ (جنگیزخان)ی مەغۆل تاکو سنورێک بۆ سەرەڕۆی سوڵتانی خوارزم (عەلائەددین خوارزم شاە) (٥٩٦-٦١٧ک) دا بنێت.
**کلیلە وشەکان:** خوارزم، مەغۆل، لەشکرکێشی، داگیرکردن، وێرانکاری.

# The Dimensions of the Mongol Invasion of the Khwarazmian Empire

**Hussein Abdullah Khudhur[1] - Hussein Abdulrahman Hussein[2]**
[1+2]Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

This research discusses the dimensions and motivations behind the Mongol invasion and attack on the Khwarazmian Empire. It highlights the most important aspects of this campaign, categorized by their sequential closeness. The interaction and intermingling of the peoples of these two nations are examined, along with an attempt to consider the most impactful dimension. The geographical factor, which eventually led to the proximity of the distant borders between the two sides and increased familiarity and interaction, played a significant role. The political and expansionist factor further encouraged the Mongols to move westward. This was also fueled by their elimination of opposing and enemy forces in the west, which drew their attention towards that direction. The presence of a single strong political force in the region, which considered itself an equal to their power, fostered a sense of rivalry within them. They aimed to impose their unipolar political and military dominance over the region, thus the existence of any other power in the area besides themselves was unacceptable to them. Furthermore, the main cause of this campaign lies in economic factors, especially in the trade relations between these two neighboring states. The killing of the Mongol trade caravan by the governor of Otrar, Inal Khan, in 616 AH / 1219 CE, provided a pretext for the Mongol Khan to invade the Islamic world and the Khwarazmian Empire.

In addition, external motivations and incitement played a crucial role, stemming from the conflict between the Abbasid Caliphate and the Khwarazmian Empire. The Abbasid Caliph Al-Nasir li-Din Allah (575-622 AH / 1179-1225 CE) sought assistance from Genghis Khan of the Mongols to curb the excesses of the Khwarazmian Sultan Ala ad-Din Muhammad II (596-617 AH).

Keywords: Khwarazm, Mongol, Invasion, Occupation, Destruction.

## پێشەكی:

بەرێ سـەدیێ (٧ک/١٣ز) هێزێکی خێڵەکی لەوپەڕی خۆرهەڵات وە دەرکەوت، ئەم هێزە نە خاوەن ڕێکخسـتنەکا سـەربازی بون، بەڵکو هێزێکی قین لە دڵ و بەدوای تۆڵەکردنەوە لە دوژمنەکانیان و دەسـتگرتن بەسـەر ناوچەی مەنگۆلیـاوە بون، هەڵبەتە ئەو ڕق و تورەیە لەخۆوە چەکەرەی نەکردبو، بەڵکو بەرمەبنـای ئەو هێرش و پێکـدادانە سـەربازیە بو کە لەلایەن هۆزەکانی مەنگۆلیا لەهەمبەر مەغۆل دا بەرپاکرابو. لە سـۆنگەی ئەو مێژوە پڕ لە بەرزی و نزمیەی مەغۆل دا، زەمەن مەغۆلی کردە خـاوەن هێزی یەکەم لە مەنگۆلیـا، بەوەی توانیـان یەک لە دوای یەکی نەیارەکانیان لەناو بەرن و دەسـت بەسـەر تەواوی مەنگۆلیادا بگرن. ئەم سـەرکەوتنە مەزنە لە پێڕێی مێژوی ناوچەکەدا بۆ خودی زۆرێک لە هۆزەکان و تەنانەت وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت (چین) و قەرەختا قەبوڵ کراو نەبو. بۆیە هەمو توانای خۆیان بە ئامانجی شـکسـتدانی مەغۆل وە گەڕخسـت، وەلێ نەک سـەرکەوتو نەبو، بگرە شـمشـێرو ڕمی مەغۆلەکان گەیشـتە ملی چینیەکان پاشـان قەرەختاییەکان لە ڕێڕەوەی ئەو لە شـکرکێشـیانەی مەغۆل بۆ سـەر دەرو دراوسێ ئەنجامیان دا، لە پڕێکداو بێ ویسـت و ئیرادەی هەردولا، هەردو هێزی مەغۆل و خوارزم دەوان چیاو دۆڵ و تەختاییان دا تێکرا وەدەرکەوتن لەو حەلەی ڕا شـمشـێرو ڕمیان لەیەکتر هەڵکێشـاو کەوتنە ملخێش ملخێشیـ یەکتری، بەڵام هەرزو مەغۆل پاشـەوپاش گەڕانەوە و دەسـتبەرداری جەنگەکە بون. لێرەوە ئاشـنایی و دیدەنی لە نێوان مەغۆل و خوارزم هاتەگۆڕێ، وەلێ هەرزو ئەو دیدەنیە بوە مایەی هەڵگیرسـانی جەنگێکی گەورە، کە ئاکامەکەی لە ناوبردنی دەوڵەتی خوارزم و دوایش سـەراو ژێرکردنی خیلافەتی عەباسی بو، لەنێو ئەو هەراو جەنگەدا دەمانەوێت شـەن و کەوی هۆکارەکانی لەشـکرکێشیـ مەغۆلان بۆ سـەر دەوڵەتی خوارزم بکەین، و هەڵسـاوین بەڕێکخسـتن و دیاری کردنی ڕەهەندەکان لە ژێر ناونیشانی جیاجیادا هەروەک لێرە بەدواوە هاتون.

**گرفتی توێژینەوە:** گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە نەبونی هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بە هۆکار و ڕەهەندەکانی هێرشی مەغۆل بۆ سـەر دەوڵەتی خوارزم دەبینێتەوە. ئەوەی لە سـەرچاوەکانیش پەیوەند بەو بابەتە خراوەتە ڕو لە چەند سـەرە پێنوسێک تێناپەڕێت وەهەق خۆی وەک پێویست پێنەدراوە، هەروەها دەستنەکەوتنی هەندێک سەرچاوەی پەیوەست لەسەر ئەو بابەتە.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە :** ئامانج لەو توێژینەوە خشتنە ڕوی کاریگەری ئەو فەکتەر و ڕەهەندانەیە کە کە نەخراونە ڕو ڕۆڵیان بەهەند وەرنەگیراوە لەڕودانی ئەو ڕوداو کارەساتە مێژویە گەورەیە. سەبارەت بەگرنگی توێژینەوەکە گرنگی ئەو بابەتە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆتە بنج و بناوانی ڕەهەند گەلێک کە زۆرێک لەسـەرچاوەکان خۆیان لەباس کردنی بواردوە گرنگیان لەبەرچاو نەگرتون، ئێمە هەوڵمانداوە هەریەکێک لەو ڕەهەندانە بەپێی گرنگی ڕۆڵی خۆی لە ڕودانی ئەو ڕوداوە ڕۆڵ وپێگەی خۆیان پێبدەین هێزوکاریگەریان دەر بخەین.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوی، بەتایبەتی میتۆدی شـیکاریی مێژوی بەکاربهێنرێت، هەوڵدراوە بەپێی توانا جەختبکرێتەوە لە سـەر بەکارهێنانی چەندین ژێدەری زانسـتی باوەڕپێکراو لەپاڵ سەرچاوە ڕەسەنەکاندا سودیان لێوەربگیرێت.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** لەگەڵ دەسپێکی ڕودانی هەر ڕوداوێکی مێژوی بیرو ئەندێشەکان بە ئاراستەی پرسیارکردن لە هۆکارو فاکتەری ڕودانی ئەو ڕوداوە دەچن، بەشێوەیەک دەبنە پرسیاری سەرەکی ئەو پێشهاتە تازەیە لەو سۆنگەیەوە بە سەرنج دان لە گرنگی و گەورەی ئەوڕوداوە ئەو پرسیارە دێتە بون کە هۆکانی ڕودانی ئەوکارەساتە چی بو کە ڕوبەڕوی بەهێزترین دەوڵەتی ئیسـلامی لە خۆرهەڵات بۆوە، کەهەر یەک لەوهۆکارانە بەئەندازەو شـێوەی جیاواز ڕۆڵی خۆی بینیوە لە ئاراستەکردن و گۆڕینی ڕوگەی هێرش و داگیرکاری مەغۆل بەرەو جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتی خوارزم بەتایبەتی.

**یەکەم: ڕەهەندی جوگرافی**

لە دێر زەمانەوە جوگرافیا کاریگەری گەورەی لەسەر ڕوداوە مێژویەکان هەبوە، زۆر جاران خاڵی ئەرێنی و هەندێ جاریش نەرێنی هەبوە، لەو دیدگایەوەیە دەوڵەتان هەمیشە چاودێرو بەئاگا بون بەسەر سنورەکانیان، چونکە جوگرافیا لە باری هاوسنوریی دا مایەی ڕامان و لێوردبونەوەیە و دەبێت هێزەکان ژیرانە مامەڵە لەگەڵ جوگرافیای دراوسێ و دەسەلاتەکەی بکەن.

هەڵبەتە لەو سۆنگەیەوەیە کەوا شوێن بەکایەیەکی گرنگ دانراوە، بە بەڵگەی ئەوەی بونی مرۆڤ بەبێ شوێن نیە و نابێت، لە بەر ئەوەی شوێن و بون تەواوکەری یەکترن هەردوکیشیان بەبێ یەکتر لە واتا بەدەرن (کەمال، ٢٠٠٤: ١٠٥)کەواتا هەبونی واتادار لە ئاوێتە بونی نێوان شوێن و بوندا مێژو دەهێنێتە کایەوە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە مێژو پێویستە لە گرنگی شوێن تێبگەین(قادر،٢٠٠٨: ٩٥)

لەو سۆنگەیەوە ئێمە شرۆڤەی ڕوداوێکی مێژوی دەکەین، بۆئەوەی لەو مێژوە بە دروستی تێبگەین دەمانەوێت لە گرنگی جوگرافیاکەی و کاریگەری لەسەر ئەو ڕوداوە بخەینە بەردەستی خوێنەران، ئەویش جوگرافیای خوارزم و مەنگۆلیایە، ئەوە نەک لەدیدی ئێمەدا، بەڵکو لە پێش ئێمەش توێژەرانی دیکە گرنگی شوێنیان خستۆتە ڕو و تەنانەت شوێن بۆ مێژو وەک تەختی شانۆ چوێنراوە، چونکە شوێن لە مێژودا بریتیە لە جوگرافیا بە هەمو بەرزی و نزمی یەکەوە ، بگرە بە سامانی سروشتی و کەش و هەوا شەوە، هەروەها بە یەکێک لە سێ ڕەگەزە سەرەکیەکانی دروستکردنی ڕوداوەکانی مێژو دادەنرێت، کە ئەوانیش خۆی لە مرۆڤ و کات و شوین دەبینێتەوە(الملاح، ٢٠١١: ٣٢) جوگرافیا و شوێن یارمەتی دەری مرۆڤەکانن لە هەڵبژاردنی جۆروشێوازی ژیان(دیورانت، ٢٠٠٧: ٢٠) بێگومان لە شکرکێشی و جوڵە سەربازیەکانیش بەشێکی پەیوەندی بە هۆکاری جوگرافیەوە هەیە، کە خۆی لە بونی سەرچاوەی سامانی سروشتی و کەش و هەوای گونجاو و بە پیتی خاک و جۆراو جۆری لە بەرهەم و داهاتی خاکی نەتەوەکانی دراوسێ دا دەبینیەوە(رسول، ٢٠١٦: ٨٧).

مرۆڤ خاوەن سروشتێکی مەدەنیە، ناچارە کۆمەڵگە دروست بکات بۆ تەواوکردنی بونە ناتەواوەکان کە خۆی لە پێویستیەکانی دا دەبینێتەوە(ابن خەلدون، ٢٠١٦: ٣٤٤-١٩٣) بەدیدی ئێمە مەغۆل درکیان بەهەبونی زۆر کایەی ناتەواو کرد بو، بە ئومێدی پڕکردنەوە و تەواوکردنی ئەو ناتەواویانە پەلاماری دەوروبەریان دا، جوگرافیا و شوێن کاریگەری لەسەر بەردەوامی دان و گیانبازی لە پێناو مانەوە دادەنێن، مێژو ئەو شوێنانە دەردەخات کە ئامادەی سروشتی و مرۆیان هەیە پارێزگاری لە سەربەخۆی خۆیان دەکەن و مل بۆ نەیاران کەچ ناکەن و نابنە داردەستی نەیارانیا(مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ٩٠- ١١٦- ١١٧) .

لەم بارەوە (ابن خەلدون) ژیرانە و زانایانە کەوتۆتە شرۆڤەکردنی کاریگەری جوگرافیا لەسەر شێوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و لەوبارەیەوە گوتویەتی ژیانی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ژینگەی سروشتی و ئاو هەواوە، هەرێمەکانی جوگرافیای بەسەر حەوت هەرێم دابەش کردوە کە هەرێمی چوارەم لەڕوی کەش و هەوا بە باشرین ناوچە داناوە، بە پیتی خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ و گونجاوی بۆ بنیات نانی ئاوەدانی، هەرێمی سێیەم و پێنجەم لە ناو هەرێمە مامناوەندەکاندان کە باشترین ناوچەکانی جیهانن، بەپێی بیروڕای ابن خەلدون ناوچەی جوگرافی کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر مرۆڤ هەیە، بە شێوەیەک ناوچە ساردەکان مرۆڤەکانی ناسراون بە ئازایەتی چست و چالاکی کە چی مرۆڤی ناوچەگەرمەکان ناسراون بە تەمبەڵی وبێ دەسەلاتی و دور لە شارستانیەت، بەڵام مرۆڤی ناوچەی مامناوەند، کە هەرێمەکانی سێیەم وچوارەم وپێنجەم دەگرێتەوە لەڕوی جەستە و ڕەنگ و ئاکار و ئاینەکانەوە ڕاست و ڕەوانترن،

بۆیە ئاینەکان وپێغەمبەران زیاتر لەو هەرێمانە دەرکەوتون(ابن خەلدون، ٢٠١٦: ٢٦٥-٢٧٢) وەختێک ڕەفتار و ئاکاری مەغۆلەکان بەراورد بەم دیدگایە دەکەین دەردەکەوێت کە کاریگەری جوگرافیاکەیان وای لێکردون بەدوای دەستگرتن بەسەر ناوچەی تازەوە بن، وەک زانراویشە بنەڕەتی کۆچکردنی گەل و هۆزە ناسراوەکانی ناو مێژو خۆی لە چەند هۆکارێک دەبینێتەوە، لەوانە بەهۆی وشکەسالی وقات وقری کە ڕو لەو ولاتە دەکات کە مەلبەندی ژیانیانە، یان هەندێ جار بەهۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەک یان بەهۆکاری سیاسی(ئەلسەیاد، ٢٠٠٨:٣٦) هەروەک تۆینبی پێی وابوە بۆ لە دایک بون و بنیاتنانی شارستانیەت و ژیانێکی نوێ دەبێ ڕو بەڕوی ئەو ژینگە جواگرافیە ببنەوە، بەدەنگ ئەو ڕوبەڕو بونەوە ژینگەیانەوە بچن و بەردەوامی پێ بدەن(ئەلمەلاح، ٢٠١١: ٤١٦) . هەرچەندە مەغۆلەکان ڕوبەڕوی ئەم جوگرافیا و ژینگە سەختە بونەوە، دواجار پەلیان بەرەو ناوچەی جوگرافی شیاوتر هاویشتوە.

لەژێر ڕۆشنای دیدگای توێژەران و بیرمەندان، پەیوەست بەکاریگەری جوگرافیا لەسەر مرۆڤ و ڕوداوەکان پێمان وایە هۆکاری جوگرافی بەیەکێک لە هۆکارەکانی لە شکرکێشی ـ مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم دادەنرێت، بە بەڵگەی ئەوەی مەغۆل لە ناوچەیەکی ساردو وشک و نەگونجاو بۆ ژیان ژیاون، ئەمەش وای کردوە مرۆڤێکی سەر گەردان بێت، هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ژینگەیەکی باشتردا بگەڕێت هەروەک (ابن خەلدون) ئاماژەی بەوە داوە کە جیاوازی ناوچەکان لەڕوی دەشت و کەنار و چیا یان ناوچەی شارنشین یان گوندنشین کاریگەری لە سەر شێوەی ژیانی مرۆڤەکان دەبێت، تەنانەت کاریگەری ژینگەی جوگرافی لە سەر جۆری بەرهەم، کە دانیشتوانی هەرێمی مام ناوەند هەمویان وەک یەک ناژین لەوانە ناوچەگەلێک هەن هیچ گژوگیا و کشتوکاڵی تێدا ناکرێ ،خۆراکیان زیاتر شیرەمەنی و جۆرەکانی گۆشتە(ابن خەلدون،٢٠١٦: ٢٧٥) کاتیک مەغۆلەکان گەیشتنە (چین) و دەستیان بەسەر (پەکین) پایتەختی ئەو ولاتەدا گرت لە ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز)، ئاشنای ئەو ژیانە درەوشاوەی (چین) بون(الخالدی، ١٩٨٤: ١٩؛ فهمی، ١٩٨١: ١٢) کە پڕ بو لە خۆشگوزەرانی بیریان لە گۆڕینی شێوەی ژیانیان کردەوە و هەڵوەدای کەشف کردنی ناوچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باکور و باشور بون، بێگومان ئەو گەڕان و سەوداکردنەیان لە ڕێگەی ڕاوەدونانی نەیارەکانیانەوە بو، هەروەک لەکاتی قەتڵ وعامی هۆزی نایمان لە ساڵی (٦٠٠ک/١٢٠٣ز) و ڕاکردنی شازادەی کوڕی سەرۆک خێڵەکەیان کەناوی(کشلوخان)[1] بو بەرەو ولاتی قەرەخەتایەکان(راشید الدین،١٣٧٣: ٩٧)،(ساندرز، ٢٠١٤: ٨٢) .

دوای ئەوەی قەرەخەتایەکان لە ساڵی (٥١٩ک/١١٢٥ز) دەوڵەتەکەیان لە باکوری (چین) ڕوخا لەلایەن بنەماڵەی کین، بۆیە ئەو ولاتەیان جێهێشت کە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیان بو، لە هەرێمی (تورکستان) گیرسانەوە و دەوڵەتێ قەرەخەتاییان دامەزراند، بەسەرکردایەتی (پی لوتاشی) نازناوی (گورخانی) لە خۆنا واتا پاشای پاشاکان(بارتولد،١٩٩٦: ١٤٠-١٤٣)،(إبرحيم طائی، ٢٠١٥: ٣٧) ئەم دەوڵەتە دەکەوێتە نێوان مەغۆلەکان لە خۆرهەڵات، دەوڵەتی خوارزم لە خۆرئاوا ڕوباری سیحون جیایان دەکاتەوە، ئەو شوێنە جوگرافیە بوە بەربەست لە بەردەم مەغۆل لەگەیشتیان بە ولاتانی ئیسلامی بە تایبەت دەوڵەتی خوارزم(ئەلسەیاد، ٢٠٠٨: ٢٢) ئەوەتا (جوینی) کە هاوچەرخی ئەو ڕۆژگارەیە وەهای باسکردوە کە خاکی مەغۆلەکان لە خۆرهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ خەتاییەکان کە بریتیە لە زەویەکانی باکوری چین، وە لە خۆرئاوا زەویەکانی ئویغورییەکان کە زەویەکانی ئاسیای ناوەڕاستن و لە باکوریش زەوی هۆزەکانی قرغیز و ڕوباری سلانجاو و خاکی باشور زەویەکانی تنکوت و تبت (الجوینی، ٢٠٠٧: ٦٢) بەو شێوەیە دراوسێیەتی لە پەیوەندییە هەمەلایەنکانی پەیوەست بە جوگرافیا و مرۆڤ کاریگەری خۆی لەسەر شێوەی ژیانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان دادەنێ و ڕەنگ دانەوەی خۆیی لەسەر لایەنەکانی ژیانی هەردولا نیشان دەدات دوای ئەوەی ڕەهەندی جوگرافی و دراوسێیەتی ڕۆڵی خۆی گێڕا، لەوەی کەوا خاکی دراوسێ وەک نیشتمانی دوەم بوە فریادڕەس(حسین، ٢٠٢٤: ٣٣) بەڵگەی ئەم

کاریگەریە لە جوگرافیای هاوسێیەتیدا لە ڕاکردنی (کشلوخانی) شازادەی هۆزی نایمان دەردەکەوێت کاتێک هانای بۆ قەرەخەتایەکان برد، بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکاری لە(گورخان)[٢]ی گەورەی قەرەخەتایەکان توانی لایەنگر و سوپا بڵاوەکانی خۆی کۆبکاتەوە کچی (گورخانی) کردە هاوسەری خۆی (الجوینی، ٢٠٠٧: ٩٤)، (صبره، ١٩٨٧: ١٢٣) بەو پێیەی کە قەرەخەتیەکانیش پێشتر بەو خاک و وڵاتە نامۆ بون و لە زێدی ڕەسەنی خۆیان دەرکرا بون، لەو سۆنگەیەوە (کشلوخان) پەنای بۆ بردن (اقبال، ١٩٨٩: ٣٤٩)،(القزاز،١٩٧٠: ٢٢) بەڵام خیانەتی لەو ئەمانەت و متمانەیەدا کرد کە(گورخان) پێی هەبو، دوای دروست بونی ناکۆکی لە نێوان (خوارزم شاه عەلائەددین محمد) و (گورخانی) پاشای قەرەخەتاییەکان، بە هۆی ئەوەی سوڵتان (عەلائەددین) ئامادە نەبو بەردەوام بێت لەدانی سەرانەی ساڵانە بە قەرەخەتاییەکان پێی نەنگی و شکست بو کە باجیان پێبدات، ئەمە جگە لە وەی جیاوازی ئاینیان هەبو، لەبەر ئەوە خوارزم شاه کاری دەکرد تا زەویە داگیرکراوەکانی موسڵمانان کە لە ژێر دەستی قەرەخەتاییەکاندا بو بگەڕێنێتەوە، بۆیە داواکاری (سوڵتان عوسمان) سوڵتانی (سەمەرقەند و بوخارای) قەبوڵ کرد، کاتێک داوای لێکرد ڕزگاریان بکات لە ژێر دەستی قەرەخەتاییەکان، هەروەها کوشتنی نێردراوی قەرەخیتایەکان لەلایەن(خوارزم شاه عەلائەددین محمد) لە (٦٠٤م/١٢٠٧ز) بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد(حمدی، د.س:٧٤)،(عبدالحکیم،٢٠١٠: ١١٠-١١٢) .

کاتێک (کشلوخان) هەستی بەلاوازی (گورخان)کرد، کەوتە خۆ بە ئامانجی لادانی ناوبراو وە دەستگرتن بە سەر تەختی پاشایەتی قەرەخەتاییەکان، لەو سۆنگەیەوە ناکۆکی نێوان خوارزمییەکان و قەرەخەتایەکانی قۆستەوە لەگەڵ (خوارزم شاه) لە سەر لە ناوبردنی ئەو دەوڵەتە و دابەشکردنی لەنێوان هەرولادا ڕێکەوتنی کرد، لە هەمانکاتدا پاشای قەرەخەتایی داوای هاوپەیمانی لە خوارزم شاه کرد، لەو کاتەدا (خوارزم شاه) دواکاری هیچیانی ڕەت نەکردەوە(العمری، ٢٠١٠: ١٣٢) چونکە چاوەڕێی ڕودانی شەڕی نێوان هەردو (سوپای قەرەخەتایی) و (کشلوخان)ی دەکرد، لەو لاشەوە هەریەکە لە (گورخان) لەلایەک و(کشلوخان) لەلایەکی دیکە وایاندەزانی کە (خوارزم شاه) لەگەڵ ئەو دایە، چاوەڕێی سەرکەوتنی لایەکی بەسەر لایەکی دیکەدا دەکرد لەکۆتایدا سوپای قەرەخەتاییەکان شکاو (کشلوخان) سەرکەوت، (خوارزم شاه) فرسەتی هێناو پاشماوەی سوپا شکاوەکەی قەرەخەتاییەکانی لە ناوبرد بەو شێوەیە لەساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز)، دەوڵەتی قەرەخەتایی ڕوخاو کۆتایی پێهات، بەنەمانی ئەو دەوڵەتە ئەو بەربەستەش نەما کە لە نێوان وڵاتی مسولمانان و مەغۆل دا هەبو، بەو شێوەیە (کشلوخان) بوە هاوسنوری مەغۆلەکان(ابن کثیر، د.س: ٤٨)،(الذهبي، ١٩٩٦: ٢٢٦) دوای ئەوەی دەوڵەتی قەرەخەتایی لە ناوچو (کشلوخان) بوە گەورەی دەوڵەتی قەرەخەتایی و دەستی بەفراوان کردنی سنوری دەسەڵاتی کرد، لەو نێوەندەدا ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکانی ئەو هەرێمانەی ملکەچ کرد، کە هەندێکیان سەر بە مەغۆل بون، بەو شێوەیە دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتی (تبت) ەوە تا سنوری دەوڵەتی خوارزم درێژکردەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرێکی هەبێ(صبره، ١٩٨٧: ١٢٥) وەلێ خۆپەرستی و هەڵسوکەوتە خراپەکانی لە هەمبەر موسڵمانان کە بە پلانگێڕی مەسیحیەکان کەوتە ستەم کردن لەموسڵمانانی ناوچەی (کاشغەر و ختن)، ئەوەش پاش ئەوەی لە ساڵی (٦٠٨ک/١٢١١ز) دەستی بەسەر (کاشغه و ختن) داگرت(الجوینی،٢٠٠٧: ٩٧).

بەم شێوەیە دەسەڵاتی (کشلوخان) بوە هاوسێی و هاوسنوری وڵاتە ئیسلامیەکان و دەوڵەتی خوارزم، لەو ڕێگەیەشەوە مەغۆلەکان گەیشتنە سنوری ئەو وڵاتەو بەو هۆیەشەوە گەیشتنە سنوری وڵاتی خوارزم، بەمەش خوارزمییەکان ترسان هێزێکی درندەی وەک مەغۆل ببێتە هاوسێی هەمیشەیان، لەبەر ئەوە خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە کرد، (کشلوخان) بەهۆی ئەو دوژمنایەتییە کۆنەی لەگەڵ (جنگیزخان) هەیبو وای کرد ئاراستەی تەماحکاریەکانی ئەم ستەمکارە ڕو بکاتە هەرێمەکانی خۆرئاوای ئاسیا، لە هەوڵەکانی (کشلوخانی) کۆنە دوژمنی و فراوانخوازییەکانی بێ

ئاگا نەبو، بەردەوام چاودێری کردەوەکانی کردوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی بەجەنگەکانی لەگەڵ (چین) دەرفەتی لاکردنەوەی بەلای ئەو دانەبو(طقوش، ٢٠٠٧: ٥٠-٥١) کاتێک دەستی بەتاڵ بو بەپەلە سوپایەکی گەوری بەسەرکردایەتی (جبە نویان)[٣]، کە ژمارەیان (١٠بۆ٢٠) هەزار سەرباز دەبو بەرەو (کاشغەر) بەرێ خست و دەستیان بەسەر دا گرت، سەرئەنجام (کشلوخان) هەڵات تا گەیشتە سنوری (بدخشان)[٤] ، لەبەر ئەوەی بەخت یاوەری نەبو لەلایەن ئەو موسڵمانانەی خەریکی ڕاوکردن بون لە ڕێڕەوێکی بەرتەسکی شاخاویدا دەستگیر دەکرێت، سەری دەبڕن و ڕادەستی (جبە نۆیانی) دەکەن ئەویش سەرەکەی بۆ (جنگیزخان) لە (قراقورم-قراقوم)[٥] دەنێرێت، لەبەرامبەر هاوکاری مەغۆل خەڵکی (بدخشان) دەسکەوتی مادی زۆریان دەست کەوت(فابری،١٩٨٧: ١٦٤)، (ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٢٦٠) بەو شێوەیە دوای کوژرانی (کشلوخان) لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز)، مەغۆل کۆنترۆڵی هەمو هۆزە تورکەکانی کرد کە ملکەچی قەرەخەتاییەکان بون(بارتولد، ١٩٨١: ٥٣١)،(العیدی،٢٠٠٨: ٦٨) دوای ئەو سەرکەوتنەی مەغۆلەکان بە سەر هەمو هۆزە تورکەکانی دەوڵەتی قەرەخەتایی بەدەستی هێنا، دەوڵەتی بەهێزی مەغۆل بوە هاوسێ و هاوسنور لەگەڵ بەهێزترین دەسەڵاتی ئیسلامی لە خۆرهەڵات ئەویش دەوڵەتی خوارزم بو، بە نەمانی دەسەڵاتی قەرەخەتاییەکان و پاشان دەسەڵاتی(کشلوخانی) نایمان، هیچ بەربەستێک نەما لە نێوان ئەو دو هێزە گەورەیە تا ڕێگری بکات لەبەر یەکەوتنیان(القزاز، ١٩٧٠: ٢٥) هەرچەندە سەرەتای پەیوەندی دراوسێیەتی لەنێوان مەغۆل و خوارزمییەکان هاتە ئاراوە، بەڵام لە دواتردا پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو خراپی چو تا سەری کێشا بۆ هێرشی مەغۆل بۆ سەرجیهانی ئیسلامی(الجوزجانی، ٢٠١٣: ٤٦٨).

لە ڕاستی دا ڕەهەندی جوگرافی و ژینگەی بەیەکێک لەهۆکارە ڕاستەوخۆکانی بۆ هێرشکردنە سەر خۆرئاوا و دەوڵەتی خوارزم دادەنرێت، بە بەڵگەی ئەوەی ژیانکردن لەو سروشتە سەخت و شک و بیابانییەدا ، کە مایەی هەژاری ونەداری بو توانای دابینکردنی پێویستیە سروشتیەکانیان لە خۆراک و شوێنی ژیان و حەوانەوەیان نەبو لەکاتێکدا پێویستیەکانیان و ژمارەیان ڕو لەزیاد بون بو(القزاز، ١٩٧٠: ٢٨) هەروەک چۆن (ابن خەلدون) ڕونی کردۆتەوە کە نەبونی جۆراوجۆری لە خۆراک و سەرچاوەی داهات، ناچاری کردون کە تەنها پشت بە تاکە سەرچاوەیەکی خۆراک ببەستن کە ئەویش بەرهەمە شیرەمەنیەکان بوە، کە لە ئاژەڵەکانیان دەستیان کەوتوە، ئەوە بۆ ئابوری باشە ئەمە وای کرد بیر لە تێپەڕاندنی ناوچە سنوریەکان بکەنەوە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی پێداویستیەکانیان(ابن خەلدون، ٢٠١٦: ٢٧٥-٢٧٦) هەر لەو سۆنگەیەوە بە ئاگابونی سەرکردەی وڵات لە زانین و ناسینی سروشتی خاکی وڵاتەکەی خۆی گرنگە، تاکو ببێتە پاڵنەرو هاندەرێک بۆ ئاشنابون بە جوگرافیا و سروشتی وڵاتانی دراوسێ(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٦) لە هەمانکاتدا لە ڕوی تەکنیکیشەوە لەوکاتدا ئەگەر مەغۆلەکان بیانویستایە ئەوا نەیان دەتوانێ لەگەڵ خیلافەتی عەباسی بجەنگن، لەکاتێک داگەلانی موسڵمان لە پشتیانەوەن کە دەتوانن لە پشتەوەڕا لێیان بدەن یان هێڵەکانی دابینکردن و بەهاناوە چونیان لێببڕن، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی خوارزم ببوە بەربەستێک یاخود ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان خیلافەتی عەباسی و وڵاتی مەغۆل، (جنگیزخان) سەرەتا بیری لە ئەنجام دانی چەند شەڕێکی یەک لەدوای یەک کردەوە، لەگەڵ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا، کە لەو سەردەمەدا بە دەوڵەتی خوارزمی ناسرابو، کە چەند ناوچەیەکی گرنگی ئیسلامی لەخۆ گرتبو وەک (ئەفغانستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان، کازاخستان، تاجیکستان، پاکستان و بەشێک لە ئێران، پایتەختی ئەو دەوڵەتە فراوانە شاری (ئۆجەند) بو لە تورکمانستانی ئێستا(الصاوی،٢٠١٢: ١٤٧)، (السرجانی،٢٠٠٦: ٢١) جگە لەوەی (جنگیزخان) پێشتر نیمچە ڕێکەوتنێکی لەگەڵ سوڵتانی خوارزم (محمد خوارزم شاه)ئەنجام دابو، کە مەبەستی بو لەو کاتەدا ئاسایشی_ خۆرهەڵاتی ئاسیای بۆ دەستەبەر بێت و لە بەشی

دواوەی وڵاتەکەی دڵنیا بێت، تا بارودۆخی چین و مەنگۆلیا جێگیر دەکات و دواتر بەرەو خۆرئاوا بڕوات و یەک لە دوای یەک وڵاتانی ئیسلامی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە(الصلابي، ٢٠٠٩: ١٣٣). لە پەراوێزی ئەو دیڤچون و زانیاریانەی خرانە ڕو، دەتوانین بڵێین هۆکاری جوگرافی بە یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی لە شکرکێشی. مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم دادەنرێت، بەوپێیەی ڕەپێ کەوتنی مەغۆل بەدوای شازادەی نایمان لەلایەک و گەشەکردنی بیری فراوانخوازی (جنگیزخان) بەئامانجی ڕوکردنە جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوا، مەغۆلی کردە هاوسێی خوارزم ئەمە جگە لەوەی بڕینی جوگرافیای وڵات و هەرێمەکان بۆ گەیشتن بە سنورەکانی دیکە بۆ مەغۆل پێویستیەکی حەتمی بو.

**دووەم: ڕەهەندی ئابوری**

لایەنی ئابوری تەواوکەری لایەنی جوگرافی و بە یەکێکی تر لە ڕەگەزە گرنگەکانی شارستانیەت دانراوە. هەر بۆیە هەندێ لەهێزو دەوڵەتە شەڕانگێزەکان لە چاوتێبڕینی ئابوریەوە سنوری دەرودراوسێکانیان بەزاندوە، بە ئامانجی دەستهات و گەشەپێدانی شارستانیتیان بێگومان هەل و مەرجەکانی ئابوری بە جۆرێک کاریگەرن، ئاراستەی پێشکەوتنی مێژو دیاری دەکەن، تەنانەت زیندویەتی وچالاکییە زیندەکیە بەردەوامەکان بۆ خۆی هۆیەکی ئابوریە(الدوری وأخرون،د.س: ٤٧)، ئاستی بژێوی ژیان و گوزەران بە درێژای مێژو ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا بینیوە، بە جۆرێک ئابوری ڕۆڵی کاراو بەرچاو لە ئاراستەکردنی گۆڕانکاری لە ژیانی هەر کۆمەڵگایەک دا دەگێڕێت(رسول، ٢٠٢٠: ٩٠) واتا ئابوری لە کۆمەڵگە دا هۆکارێکی سەرەکیە لە دروستکردنی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری مرۆڤەکان و لایەنی گیانی لە ژیانی مرۆڤدا(الدوری وأخرون،د.س: ٣٦) . ئەوەش بۆ چونی (ابن خەلدون) پشتڕاست دەکاتەوە کە پێی وابوە یەکەمین خواستەکانی مرۆڤ شتە پێویستیەکانیەتی" (ابن خەلدون، ٢٠١٦: ٣٤٤)لەو دیدگایەوەیە کە پێویستیەکان بە فاکتەری سەرەکی چالاکی مرۆڤ و دروستکەری ڕوداوەکان دادەنرێت(المەلاح،٢٠١١: ٣٥٧-٣٥٩) کەوای کردوە پێویستیەکانی ژیان و گوزەران هۆکاری جوڵەی خێڵەکان بێت(ابن خەلدون،٢٠١٦: ٣٣٩-٣٤٣)،(عالی، ٢٠٢٢: ١٠٨) شێوەی گوزەرانیان هۆکاری ئەو ژیانە جیاوازەیە، کە تەنها هەوڵی بەدەستهێنانی بەشی پێوییستیەکانی ژیانی خۆیان دەدەن ئەوەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنیان بەشارستایەت(عالی، ٢٠٢٢: ١٠٨).

مەغۆلەکان لە پێناو وەگەڕخستنی شارستانیەتەکەیان و باشکردنی ڕەوشی ژیانیان قوربانی زۆریان داوە، کاتێک (جنگیزخان) گەیشتە لوتکەی دەسەڵات ژێرانە کەوتە خۆ و نەخشە ڕێگای فراوانکردنی سنوری وڵاتەکەی دانا بە ئامانجی فراوانخوازی و پڕکردنەوەی ئەو پێداویستیانەی کە دەمێک بو نەبونیان تەنگی بە ژیانی مەغۆل هەڵچنی بو، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەندامانی هۆزی مەغۆل لە زیاد بون دابو، بەو هۆیەشەوە پێداویستیەکان زیاتر دەبون ، لەو سۆنگەیەوە دەستگرتن بەسەر خاکی تازە و وەدەست هێنانی سەروەت و سامان وا لە خانی مەغۆل کرد بیر لە دەستگرتن بەسەر وڵاتانی دەوروبەر لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا بکاتەوە، ئەوسا بە جەنگ بێت یان ئاشتی بۆ ئەو گرنگ نەبو(یاسین،١٩٧٨: ٢٦). زۆری نەبرد لە دوای پەلاماردانی (چین) هێرش وپەلامارەکان بە ئاراستەی خۆرئاوا وەرچەرخا بەبیانوی ڕاوە دونانی پاشماوەی نایمان و مرکیت وقەرە خەتاییەکان، بەمەش ڕاستەوخۆ بەریەککەوتنی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی بۆ دروست دەبو(الجوینی،٢٠٠٧: ٨١-٩٤)،(الذهبي،١٩٩٦: ٢٢٥-٢٢) ئەگەرچی لێرە دا کاری ئێمە گێڕانەوەی ڕوداوە مێژویەکان نیە ، لەبەر ئەوە ناچارین هەندێ جار تیشک بخەینە سەر ڕوداوەکان بە ئامانجی دەرخستنی ئەو پاڵنەرە ئابورییەی کە بوە مایەی لەشکرکێشی. مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم، چونکێ هەروەک توێژەرێک لەبارەی لەشکرکێشیەوە ئاخافتنێکی جوانی کردوە و گوتویەتی لەوکاتدا دەستبەسەرداگرتن و خۆسەپاندن بۆ

پەیداکردنی بژێوی ژیان و گەڕان بەدوای لەوەڕگا لە سیما دیارەکانی هەندێک لەو نەتەوانە بوە، وەک چارەسەرێک بۆ دەربازبون لەنا هەمواری بارودۆخی ژیان ملیان بە وڵاتانی دەوروبەر ناوە(رسول،٢٠٢٠: ٩٢) وە سەبارەت بەو ژینگە و کەش و هەوایەی مەغۆلەکان تێیدا دەژیان ئەوە دەبێت بڵێین کەوا ژینگەی بیابانی مەنگۆلیا لە ڕوی خۆراک و سەرچاوە مادیەکان هەژار و کەم توانا بو لە دابین کردنی پێداویستیە بەردەوامە گەشە سەندوەکانی دانیشتوانەکەی(الجوینی،٢٠٠٧: ٦٢)،(العبری، ١٩٨٦: ٢٣٥)

ئەو وشکە ساڵی وبێ بارانیەیی کە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیاو وڵاتی مەنگۆلیای گرتبۆوە، وای کردبو دانیشتوانی ئەو وڵاتە بەردەوام پێویستیان بە خۆراک و ئازوخە و ئالیک و لەوەڕی پێویست بێت، بۆ درێژەدان بەژیانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان و پێویسی زۆریان بە هەندێک کەل وپەلی تر ، تا لە تەوژمە سروشتیە بەهێزەکان بیانپارێزێت وەکو جل وبەرگ و چەندان شتی تر(ابن الاثیر،٢٠١٢: ١٤٩)،(العودە،٢٠٠١: ٤٣-٤٤) هەروەک (الاصطخری) سەبارەت بە خاکی مەغۆل دەڵێت"ئاوی کەمە، زۆرێک لە شاخەکانی ژیانی تێدا ئەستەم(الاصطخری،١٨٧٠: ١٦٦)"، لەوەرزی هاوین بۆماوەی دو بۆ سێ مانگ دەچونە ناوچە کوێستانیەکان و دەمانەوە لەوێ لەوەڕگا و ئاوی زۆری لێبو ناوچەیەکی بە پیت بو، ئەو جۆرە ژینگەیە وای کردبو هۆزەکان لە ژیانێکی خێڵەکی دابژین، لەبەر ئەوە ژمارەی دانیشتوان بە بەراورد بە فراوانی ناوچەکە زۆر کەم بو، هەروەها کەش و هەوایەکی سەختی هەبو و خاکێکی فراوانی بێ بەرهەم بو بۆیە بەشی هەرە گەورەی مەغۆلستان بۆ کشتوکاڵ دەستی نەدەدا و لەبارنە بو بۆ کشتوکاڵ، ئەمە سەرباری ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کشتوکاڵیان نەدەکرد، لەبەر ئەوە بەردەوام خۆراکیان کەم بو(هال، ب.س:١٤) ئەمە جگە لەوەی ئەو بڕە بارانە پچڕپچڕەی لەو وڵاتە دەباری لە باشترین حاڵەتدا لەنێوان (١٠٠بۆ ٢٠٠ملم) دابو وای کردبو خاکی مەنگۆلیا بۆ کشتوکاڵ گونجاو نەبێت جگە لە چەند ڕوەکێکی کەم سەوز نەبێت، ئەمەش وای کردبو بەردەوام لە جوڵە و کۆچ و ڕەو وگواستنەوە دابن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر(ابن واصل،١٩٥٧: ٣٦) بۆ دەستخستنی ئاو و خواردن و سەرچاوەی تازەی لەوەڕو گژوگیا بۆ ئاژەڵەکانیان تا سەرچاوەی ژیانیان دابین بێت، گرنکترین هۆیەکانی کوچکردن خۆی دەبینیەوە لە زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەیەک یان بەهۆی هێرش و داگیرکاری ناوخۆیی بۆیە بەردەوام دەگەڕان بۆ شوێنی ئارام و دڵنیا بۆ ژیان(ابن سباط،١٩٩٣: ٢٥٧)

ناچار بون خۆیان لەگەڵ ئەو ژینگەیە بگونجێنن بۆ بەردەوامی دانیان بە ژیان، بۆیە دو پیشەی سەرەکیان ئەنجام دەدا ئەویش مەڕداری و شوانی و ڕاوکردن کە پێویست بو بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان پەیدابکەن، گرنگیان بە بەخێوکردنی ئەسپ دەدا زۆرسودیان لێدەبینی(ابن واصل، ١٩٥٧: ٣٧) لەژینگە یەکی وەها سەخت هۆزەکان بەدوای ئەو ئاوەکەمەدا دەگەڕان کە سروشت پێیدابون، ئەم جوگرافیە سروشتیە سەختە کاریگەری کرد بۆ سەر ڕەفتار و مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتر و پەیوەندیان لەگەڵ ئەوانی تردا وای کرد بو لە ژیانێکی ململانێدا بژین(الجاف،٢٠٠٨: ٢٤٣) لەبەر ئەوە ژیانێکی سادەیان بەسەر دەبرد لە کوخ و دارستانەکان، تا ئەوکاتەی کۆچە بەردەوامەکانیان بۆ دەست خستنی شوێن و لەوەڕگای تازە ئەوانی توشی شەڕ و ململانێیەکی بەردەوامی هۆزایەتی کردەوە لە مەنگۆلیا تا ئەوانی گەیاند بە سنوری ئیمپڕاتۆریەتی (چین) خاوەن شارستانیەت(الجوینی،٢٠٠٧: ٦٢) مەغۆل لەو گەلانە بون شتێکی ئەوتۆیان لە ژیانی سەقام گیرو شارستانی نەدەزانی، سروشتی ژیانی مەغۆل و باروگوزەران و ڕەوشی سەختی ژیانیان، پاڵنەرێکی گرنگ بو بۆ خۆدەربازکردن لەو ژیانە سەخت و ناهەموارە(بارتولد،١٩٩٦: ٥١) وەک (ابن خەلدون) ئاماژە بە سروشتی ژیانیان دەکات کە بۆ پەیداکردنی لەوەڕگای باش و سەرچاوەی ئاوی گونجاو بەردەوام لە جوڵەدا بون، لەبەر ئەوە لەگەڵ نەتەوەکانی نزیک و دور لە کێشەدابون(ابن خەلدون،٢٠١٦: ٣٤٣). پاشان وردە وردە گۆڕانکاریان بەسەردا

هات بە شــارســتانی چینی ئاشــنا بون دەســتیان بە ژیانیکی نویێ کردو لەبری ژیان لە ژێر کوخ و چادری لە پێســت دروستکراو لە خانو چادری فراوان دا ژیان بەو شێوەیە لە باشور تا دەریاچەی بایکاڵ لەباکور و باشوری خۆرهەڵاتی بانی مەنگۆلیا کە بیابانی جوبی لیێ هەلکەوتوە بلاوبونەوە(عبدالرزاق،٢٠١٩: ٣٤) کاتێک ئامانجەکەی لە خۆرهەڵات هاتەدی، بەوەی توانیان لە ســاڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) پەکین پایتەختی (چین) بگرێن، (جنگیزخان) و مەغۆلەکان سەرسام بون و تێگەیشت دنیایەکیتر جیاواز لە مەنگۆلستان هەیە، کاتێک شارستایەت و کۆشک و قەڵاو شوراو، خواردن و بەروبومە جۆراوجۆرەکانی میوە و باخ وبێستان و جل وبەرگ وئامرازە جەنگییە پێشکەوتوەکانیان بینین و وە خۆشــگوزەرانی خەڵکی (چین) یان بینی، خواســتی دەســتگرتنیان بەســەر وڵاتانی دیکەدا زیادی کرد بە مەبەســتی خۆ دەوڵەمەندکردن و دەسکەوتنی ئەو کەرەستە پێشکەوتوە شارستانیانەی کە لەو وڵاتانەدا هەیە(مطیعی،٢٠٠٩: ٢٧) لەبەر ئەوە ڕویان بە ئاراستەی خۆرئاوا وەرگێڕا بەتایبەت دوای ئەوەی سوڵتان (عەلائەددین محمد) توانی بوی کۆتایی بە دەوڵەتی قەرەخەتایی بهێنێت لە (٦٠٧ک/١٢١٠ز) و هیچ بەربەســتێک لە نێوان ئەو دوهێزەدا نەمابو تاکو ڕێگری بکات لەپێکدادانی ئەو دو دەوڵەتە هاوســێیە بەتایبەت دوای ئەوەی کە (جنگیزخان) چاوی بڕی بوە دەوڵەتی خوارزمی هاوسێ و هاوڕکابەری(سلیمان،١٩٨٤: ١٨-١٩)،(عمران،د.ن.س: ١٦)،(خلیل،١٩٨٥: ٤٥-٤٦).

کاتێک مەغۆلەکان بونە بە دراوسێ و هاوســنوری دەوڵەتی خوارزم، نەیان دەویســت پەیوەندیی دەســەڵاتەکەیان لەگەڵ هاوسێ نوێکەیان بە دوژمنایەتی و شــەڕ دەســت پێبکات، لەبەر ئەوە خواســتیان بو لە ســەرەتاوە پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای ئاشتی دابمەزرێنێت(فهمی،١٩٨١: ٤٨) (جنگیزخان) ئامانجی ئەوەبو گرێبەســت و بەڵێنامەی بازرگانی و ئابوری لەگەڵ خوارزم ببەســتێت و ئاڵوگۆڕی نێرداو باڵوێز هەبێت لە نیوانیاندا، ئامانجی بو ئازادی بازرگانی و گواســتنەوە لەنێوان هەرێمەکان بۆ بازرگانەکان فەراهەم بکرێت و ئاڵوگۆڕی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەفراوانی بێت(ئەلعرینی،٢٠١٠: ١٣٢)

کاتێک (عەلائەددین خوارزم شاە) ڕێگاکانی بازرگانی لەسەر داخستن، ڕێگەی نەدا هیچ شتێک لە پێویستیەکانی ژیان لە خۆراک و جل وبەرگ وکاڵاکانی تر بۆیان بچێت، ئەمە وای کرد ڕوی شــەڕیان بەرەو ســەربازانی دەوڵەتی خوارزم بسوڕێنن(البهجی، ٢٠١٧: ١١١) ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی خوارزم لە لایەن گەڕیدە و شارناسە موسڵمانەکان بەگرنگیەوە باسی کراوە، بەپێی دابەشــکردنەکانیان لە ڕیزبەندی حەوت هەرێمەکەیە(القزوینی،١٩٦٠: ٥١٩-٥٢٥)،(لســترج،١٩٨٥:٤٨٩-٥٠٢) هەر وەک ابن خەلدون بە یەکێ لەو هەرێمە ناوەندیانەی داناوە کە باشــترین و گونجاوترین هەرێمن بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژیارو شارستانیەت(ابن خەلدون، ٢٠١٦: ٢٦٥).

ئەمەش وای کردوە یەکێ بێت لە هەرێمە بەپیت و بەپێزەکان، لە ڕوی گونجاوی ئاو هەوا بەپیتی خاکەکەی گونجاوی بۆ کشــتوکاڵ کردن، هەمە جۆری لە ســەرچاوەی داهات، دەوڵەمەندی لەســەرچاوە مرۆی و سروشــتیەکان(المســعودی، د.ت: ٣٢)،(الإدرسی، 2002: 654) هەروەها ئەو هەواڵ و دەنگ و باســانەی دەوڵەتی خوارزم کە دەگەیشــتە گوێی مەغۆلەکان کە باسی لە دەوڵەمەندی وئاوەدانی و فراوانی دەوڵەتی خوارزم و زۆری سەروەت وسامان و ڕازاوەیی و جوانی کۆشک وبیناکان و خۆشگوزەرانی و زۆر بەروبومی جۆراوجۆر و جیاواز و چەندان شتی تر کە وەسف و ستایشی۔ ئەو وڵاتەیان دەبیست ئەوەندەی تر ئارەزوی ئەوەیان دەکرد تاوەکو زو بچن داگیری بکەن، دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرن و ببنە خاوەنی ئەو شتانەی کە دەیان بیست(حمدی، د.ت: ٦٧)،(الصاوی، ٢٠١١: ٩٠) هەمو ئەوانە لەو هۆکارانەن کە ســەرنج و ئاراســتە و بیرو فکری ڕەگەزە بێگانەکانی بەتایبەت مەغۆلەکانی بەلای خۆدا ڕاکێشا(رسول،٢٠٢٠: ٩١)

لایەنێکی دیکە کە هەر لە پاڵ هۆکارە ئابوریەکان جێدەگرێت، بریتیبوە لەلایەنی بازرگانی، (جنگیزخان) بایەخی بازرگانی لە نێوان وڵاتەکان بە باشی درکیی پێ کرد بو، ئەوەش دوای ئەوەی کە بەسەر (چین) دازاڵبو لە ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) دەستی بەسەر (پەکین) پایتەخت داگرت، دوای ئەوە هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان هەردو وڵاتی خوارزم ومەغۆل دەستی پێکرد، کە ئەویش خۆی لەناردنی شاندی دیبلۆماسی و پاشان بازرگانی دەبینیەوە، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا سوڵتانی خوارزم شاندێکی نارد بۆ دڵنیان بون لەڕاستی و دروستی هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی (پەکین) ی پایتەخت لە لایەن (جنگیزخان)ەوە ئەو شاندە لەلایەن (السید الاجل بهاءالدین رازی)[٦] سەرکردایەتی کرا بۆ وڵاتی (چین) لەساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز)چونکە لەو کاتەدا (جنگیزخان) لە سنوری ئیمپراتۆریەتی (چین) بو(نسوی، ١٣٨٤: ٨٣-٨٤)

سوڵتانی خوارزم لە شاری (بوخارا) پێشوازی لە سێ بازرگانە موسڵمانەکەی سەر بە مەغۆل کرد کە پێکهاتبون لە (محمودی خوارزمی ، علی خواجەی بوخاری، یوسف کنکا ئەتراری) کە لەگەڵیان چەندان دیاری و شتی گرانبەها و دانسقەی وڵاتی چینی لە (زێڕو یەشمی سەوزو عاج) چەندان شتی ترو هەروەها نامەیەکی بۆ سوڵتانی خوارزم پێدا نارد بو کە دانی بە فراوانی سنوری دەسەڵاتی سوڵتان دانا بو، داوای دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو دۆستانە و بازرگانی نێوان هەردو دەوڵەتی کردبو(الذهبي، 1997: 22)،(حمدوللة مستوفی، 1387: 493) لەگەڵ ئەوەی سوڵتانی خوارزم بە ناوەڕۆکی نامەکە تورە بو، لەبەر ئەوەی جۆرێک لەهەڕەشەو بەکەم گرتنی ئەوی تێدا بو و سوڵتانی خوارزمیی لە جێگەی کورەکەی خۆی دانابو، بەڵام لەکۆتایی دا سوڵتان ڕازی بو بە بەستنی ڕێکەوتنامە لەگەڵیداو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردو وڵاتدا دەستی پێکرد(النویری،ب.د.س: ١٦٦)،(السیوطی، ٢٠٠٣: ٥٥٣) دوای واژۆکردنی ئەو ڕێکەوتنە بازرگانیە، (جنگیزخان) هەمو توانایەکی خۆی خستەکار بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش بۆ بازرگانانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئاسیا ئەویش بە ملکەچ پێکردنی هۆزەکان و پاکردنەوەی ڕێگا بازرگانیەکان لە دزو ڕێگرو جەردەکان و دانانی پاسەوان بەناوی(قەراقجیە)[٧]، بۆ هاودەمی کردنی بازرگانان تا بە خۆیان و کاڵاکانیان بە ساغ و سەلامەتی دەگەنە سەربازگەکانی مەغۆل(ابن العبری، ١٩٩٤: ٤٠٠) بەڵام ئەو بارودۆخە ئارامەی هاتبۆ ئاراوە هەروا بەردەوام نەبو، لەبەر ئەوەی ویستە سیاسیەکانی هەردو وڵات و ترسانی هەریەک لەو دو دەوڵەتە لەوی تر بە تایبەت ترسی دەوڵەتی خوارزم لە مەغۆل، وای کرد ئەو پەیوەندییە باشە بەرەو خراپ بڕوات و بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی دوژمنکارانە.

وارویدا لەو ساڵەدا کاروانێکی بازرگانی کە پێکهاتبو لە سێ بازرگانی خوارزمی دانیشتوی شاری(بوخارا) بەناوەکانی(احمد جندی، ابن تلامیر حسین، احمد بالخج) بەڕێکەوتن بۆ ئەوپەڕی خۆرهەڵات بۆ ناوچەکانی وڵاتی مەغۆل، ئەوکەل و پەل و کاڵایانەیان لەگەڵ خۆیان بردبو پێکهاتبو لە پۆشاک وجل وبەرگی ئاوریشمی بە زێڕ نەخشێنراو لە خوری و لۆکە و شتی تر، کاتێک پاسەوانەکانی ڕێگا (قەرەقچیە) سەیری کاڵاو شمەکەکانیان کرد زانیان کاڵاو شمەکی یەکێک لەوان کەناوی (احمد) بو شیاوی خانی سەرکردەیان (جنگیزخان)ە، بۆیە بەرە و بارەگا و کۆشکی خانیان بردن(الجوینی،٢٠٠٧: ١٠٧) کاتێک (احمد) کاڵاکانی لەبەردەم خان خستەڕو (جنگیزخان) لە نرخی کاڵاکانی پرسی ئەویش داوای نرخێکی بەرزی کرد، کە بای (١٠) دینار یان (٢٠) دینار بوایە ئەو داوای (سێ بالشات زێڕ) یان (١٠٠) دیناری دەکرد نرخەکەی زۆر زیاد تر بو لە بازاڕ، بۆیە (جنگیزخان) تورە بو فەرمانی دا شمەکەکەی بەسەر دارودەستەکەی دابەش بکەن و ئەوبازرگانە فێڵبازە بخەنە زیندان، کاتێک دو بازرگانەکەی تریان هێنا بۆلای (جنگیزخان) هەرچەندە داوای نرخی شتەکانیان لێدەکردن، ئامادە نەبون نرخی کاڵاکانیان بڵێن لە ترسان، وتیان وەک

هەدیە و دیاری بۆ خانمان هێناوە ئەویش پێی خۆش بو، قەبوڵی کردو بەزێڕ و زیو نرخی کاڵاکانیانی پێدان بۆ هەر جلێکی زێڕ پۆشــکراو یەک فلس زێڕینیان پێدان بۆ هەردو جل وبەرگی پەتو یەک فلس زیویان پێدان، لە بازرگانی سێیەمیش (احمد) خۆش بو نرخی کاڵاکانی ئەویشی.دا وەک ئەمان(راشدالدین،١٣٧٣: ٤٧٢) فەرمانی دا ڕێزیان لێبگرن و شــوێنی گونجاویان بۆدابین کردن بۆمانەوە چادری نوێیان پێدان ئەو بازرگانانە ماوەیەک بە ڕێزەوە مانەوە لە وڵاتی مەغۆل(الجوینی، ٢٠٠٧: ١٠٧)

کاتێک ئەو بازرگانانە ویســتیان بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، (جنگیزخان) فەرمانی کرد بەکوڕ و ســەرکردە و میرەکانی هەریەکەیان پیاوێک یان دو پیاو دیاری بکەن لە دارودەسـتەکانیان بۆ ئەوەی کاروانێکی بازرگانی ئامادەبکەن تا هاوەڵی ئەو بازرگانە خوارزمیانە بکەن، شمەک و کەل وپەلی جۆراوجۆری مەنگۆلی و زێڕ و زیو لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ خۆرئاوای ئاسیاو ناوچەکانی سوڵتانی خوارزم بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەوێدا، تاکو لەگەڵ خۆیان شمەک و شتی بە نرخ و پێویست لەو وڵاتە بکڕن و بیهێنەوە، بەوشــێوەیە کاروانەکە زو ئامادەبو(راشــدالدین، ١٣٧٣: ٤٧٣)،(الجوینی،٢٠٠٧: ١٠٧) ســەبارەت بەژمارەی بازرگانانی ئەو کاروانە بازرگانیە ڕاجیای هەیە لە نێوان مێژونوســان، (الجوینی) پێی وایە ژمارەیان دەگەیشـتە (٤٥٠)کەس هەمویان موسـڵمان بون(الجوینی، ٢٠٠٧: ١٠٨) (ابن العبری) پێی وایە (١٥٠)کەس بون لە موســڵمان و نەصرانی و تورک(ابن العبری،١٩٩٤: ٤٠٠) هەرچی (نســوی)ە پێی وایە ژمارەی بازرگانەکان تەنها (چوار) کەس بون ئەوانیش (خواجە عمر أتراری، جمال مراغی، فخرالدین دیزکی بخاری، ئەمین الدین هروی)(نســوی، ١٣٨٤: ٥٠)،(الصــاوی، ٢٠١٢: ١٥٠-١٥١) کە باری ئەو کاروانە بازرگانیە باری (پێنج ســەد) وشــتر دەبو، (جنگیزخان)بە یەکێ لە بازرگانە مەغۆلەکان دا نامەیەکی بۆ ســوڵتانی خوارزم نارد بو تێیدا هاتبو (بازرگانەکان تان گەیشـتنە لای ئێمە و بەسەلامەتی و پڕدەسکەوتەوە ناردنمانەوە، لەگەڵیشـیاندا کۆمەڵێک بازرگانمان ناردوە بۆ ئەوەی هەندێک کاڵاو شتومەکی نایاب و دانسقە و دەگمەنی وڵاتی ئێوەمان بۆ بێنەوە، پێویستە بە ساغ وسەلامەتی بگەڕێنەوە لامان، تاکو دڵنیابونەوەیەکیش بێت بۆ ڕێکەوتنی نێوانمان و ناکۆکی لە نێوانمان نەمێنێت(الجوزجانی،٢٠١٣: ٤٦٨) کاروانەکە لە ســاڵی (٦١٦ک/١٢١٩ز) کەوتەڕێ تا گەیشــتە شــاری (ئەترار) لە خۆرهەڵاتی دەوڵەتی خوارزم لەســەر کەناری خۆرئاوای ڕوباری ســیحون لە بواری بازرگانی گرنگ بو دەروازەی بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئاسـیا بو،کلیلی هەرێمەکانی ئەودیو ڕوباربو، ئەو شـارە لە لایەن (یەنال خان) حوکمرانی دەکرا، کە خاڵۆزای سـوڵتان بو (تورکان خاتون) دایکی سـوڵتان نازناوی (غایرخان) پێ بەخشـیبو بیسـت هەزار سـەربازی هەبو، جێگری سـوڵتان بو(نسـوی، ١٣٨٤: ٥١)،(ابن خلدون، ٢٠٠٠: ١٣١)

یەکێ لەو بازرگانانە هیندی بو دۆستی (یەنال خان) بو بەناوی خۆی بانگی کرد (ئینال جوق) ئەویش زۆرپێی ناخۆش بو، ترسی لەو ژمارە زۆرەی بازرگان و سـەربازەکانیان هەبو وە چاوی بڕیە ئەو هەمو شـمەک و کاڵا گرانبەهاو بەنرخانەی بازرگانە مەغۆلەکان هێنابویان چاوی بڕیە ماڵ و سامانەکەیان، بۆیە نامەیەکی بۆ سوڵتان خوارزم شاە نوسی تا بڕیارێک لە بارەیانەوە بدات، وەپێی ڕاگەیاند ئەوانە لە بەرگی بازرگانادا هاتونە (ئەترار) بازرگانیش نین، بەڵکو سـیخوڕن لە شـتی وادەکۆڵنەوە کە لەگەڵ پیشەکەیان نایەتەوە بۆ زانینی توانایی سەربازی خوارزم هاتون، سوڵتان داوای لێکرد چاودێریان بکات تاڕای خۆی لە ســەریان یەکلا دەکاتەوە، (ابن الاثیر) پێی وایە بەفەرمانی ســوڵتانی خوارزم کوژراون و دەســت بەســەر کەل و پەلەکانیاندا گیراوە و نێراون بۆ ســوڵتان ئەویش بە بازرگانەکانی (بوخاراو سـەمەرقەند)ی فرۆشـتوە(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٣٣٦) هەرچی (الجوینی)یە پێی وایە کە بازرگانەکان بەفەرمانی سوڵتان (خوارزم شاە)کوژراون(جوزجانی، ٢٠١٣: ٤٦٨)،(خواندمیر، ب.د.س: ٦٤٩)بەڵام بەشــێک لە ســەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (یەنال خان)

چاوەڕێی ڕای سـولتانی نەکردوە، بەڵکو سـنوری بەزاند و هەمویانی کوشـت و دەسـتی بەسـەر شـمەکەکانیاندا گرتوە(نسوی، ١٣٨٤: ٥٠-٥١)،(حمدوالله مستوفی،١٣٨٧: ٥٨١-٥٨٢).

تەواوی بازرگانەکان کوژران تەنها یەک دانە ڕزگاری بو، ئەویش لە زیندان ڕای کردو هەواڵی ئەو کارەساتەی بەخانی گەورەیان گەیاند(فامبری، ١٩٨٧: ١٥٩) کاتێک (جنگیزخان) ئەو هەواڵەی بیسـت زۆر توڕەبو خەوی لێنەدەکەوت بۆماوەی سێ ڕۆژ چوە بەرزایەک بۆ بیرکردنەوە لەو ڕوداوە گرنگە، کە پێشـهاتوە تاکو بڕیار بدات چ شـتێک بەرامبەر سوڵتانی خوارزم بکات، سەرەتا هەوڵی دا بە ئاشتی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات بۆ ئەو مەبەستە شاندێکی نارد بۆلای سـولتانی خوارزم تاکو لە هۆکاری ئەوڕداوە بپرسـێت، کە پێکهاتبو لە (کوج بغرا-ابن کفرج بغرا)[٨] لەگەڵ دو کەسی مەغۆلی نامەیەکی بۆ سـولتان ناردبو ڕێکەوتنی نێوانیان بیرهێنابۆوە وتبوی گەر (یەنال خان) بێ ئاگاداری تۆ ئەوکارەی کردوە ئەوە (یەنال خان) ڕادەست بکە تاکو باجی تاوانەکەی بدات(نسوی،١٣٨٤: ٥٢)،(ابن العبری، ١٩٩٤: ٤٠١) (عەلائەددین خوارزم شـاه) بەو نامەیە زۆر تورە بو ڕازی نەبو (یەنال خان) ڕادەسـتی مەغۆل بکات ، تەنانەت(کوج بغرا) نوێنەری (جنگیزخـان)ی کوشـت لەسـاڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) دو مەغۆلەکەی تری ڕزگار کرد بە ئەتکراوی گەڕاندنیەوە لای خانی مەغۆل، بەو هۆیەوە خانی مەغۆل نامەیەکی هەڕەشـە ئامێزی بۆ نارد، داوا لێکرد خۆی ئامادە بکات بۆ جەنگ، کە خۆی ئەوەی هەڵبژارد ئەوەش نیشـانەی ڕاگەیاندنی جەنگ بو وە بیانوی دایە (جنگیزخان) تا هێرش بکاتە سـەر دەوڵەتی خوارزم(ابن الاثیر،٢٠١٢: ٣٣٧)،(حسـن، ١٩٦٨: ١٠٢) هەر بۆیە پابەندبونی میر و سەرکردەکان بە قسە و بەڵێنەکانی نیشانەی سەرکردەیەکی ڕاست و دروستە بە پێچەوانەوە ئەبێتە کەسێکی فێڵباز، و پێویسـتە سـەرکردە شـارەزای هەبێت لە بەکارهێنانی هەردو ڕێگەی ئاشـتی و هێز تاوەکو سـەرکەوتو بێت(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٣٠)

جوینی ڕاڤەی کوشـتنی بازرگانەکانی کردوە کە "بەرامبەر هەر دڵۆپێک خوێنی ئەو بازرگانانە، ڕوبارێک خوێنی موسـڵمان ڕژا، تۆڵەی هەر تاڵە قژێکیش سەدان هەزار سەر بوە(الجوینی، ٢٠٠٧: ١٠٩) "، لەگەڵ ئەوەی بۆ چونەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو هێرش و لە شـکرکێشـیە جیاوازن، زۆربەی مێژو نوسـانی موسـڵمان و بیانش تەئکید لەسـەر ئەوە دەکەنەوە هۆکاری سـەرەکی و ڕاسـتەوخۆی هێرشی (جنگیزخان) بۆ سـەر خۆرئاوا و دەوڵەتی خوارزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵکوژی بازرگانانی مەغۆل لە شاری (ئەترار)(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٣٣٦)،(نسوی، ١٣٨٤: ٥١).

هۆکارێکی تر کە پەیوەندی بەلایەنی ئابوریەوە هەبو ئەویش هەڵکەوتەی دەوڵەتی خوارزم بو، کە ناوچەیەکی جوگرافی فراوان و گرنگ و بەپیت و دەوڵەمەند بو لەڕوی سـامانی کشـتوڵی وە بونی ڕێگەی بازرگانیە جیهانیەکان وەک (ڕێگای ئاوریشم) بە درێژای دەوڵەتی خوارزم هەڵکەوتبو، ویستی مەغۆلەکان بۆ دەست گرتن بەسەر ڕێگە گرنگ و سەرەکیە بازرگانیەکان وایکرد بیر لە گرتنی ئەو ناوچەیە بکەنەوە، کە لە نێوان خیلافەت عەباسی و چین دا هەڵکەوتبو ئەویش خۆی لە بونی دەوڵەتی خوارزم دەبینیەوە، کە وەک مەڵبەندێکی گرنگی ئابوری ڕۆڵی دەگێڕا، مەغۆلەکان ئامانجیان بو نفوزی خۆیان لە سەرانسـەری ئاسیای ناوەڕاست فراوان بکەن وبازرگانی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن(السرجانی، ٢٠٠٦: ٢١)،(عبدالحکیم، ٢٠١٠: ٥٩). لەکۆتای ئەم ڕەهەندەدا گەیشـتین بەوەی ئابوری بە یەکێک لە هۆکارە سـەرەکیەکانی لە شکرکێشی مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم دادەنرێت.

**سێیەم : ڕەهەندی سیاسی و فراوانخوازی**

یەکێک لە هۆکارەکانی تریی ئەو لە شـــکرکێشـــیە خۆی لە هۆکاری ســـیاسی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی ئامانجی هێزەکانی ئەوکات ســـەپاندنی هەژمون و باڵادەســـتی خۆیان بو بە ســـەر ناوچەکان و هێزەکانی دیکەدا، هێرشـــەکانی مەغۆلیش پەیوەندی بە سەپاندنی باڵا دەستی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی بەسەر ئەو هەرێمەدا هەبو.

لە ســـەرەتای ســـەدەی (٧ک/١٣ز)دەوڵەتی خوارزمی (٤٩١-٦٢٨) (١٠٩٨-١٢٣١ز) گەورەترین قەوارەی ســیاسی ئیسلامی بو زۆربەی هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی بە دەستەوە بو لە عێراقەوە تا ئەوپەڕی خۆرهەڵات و تورکستانی دەگرتەوە هاوسنوری دەوڵەتی مەغۆلی و تورکەکان بو، وەک بەربەستێک بو لە بەردەم پەرەسەندنی دەسەڵاتی مەغۆل بە ئاراستەی خۆرئاوای دا(حســن،١٩٦٨: ٩٨)،(توفیق، ٢٠١٠: ٣٤٥)، پاش ئەوەی دەسـەڵاتی خوارزم لەسـەردەمی سـوڵتان (عەلائەددین) لەسـەر حسـابی دەوڵەت و هەرێمەکانی دیکەدا بەڕادەیەکی بەرچاو فراوان بو، لە نێوان سـاڵانی (٦٠٦-٦١٤ک/١٢٠٩-١٢١٧ز) لەوانە لەســـەر حســـابی وڵاتانی غوری و قەرەخەتایەکان و خیلافەت عەباسی، توانی زۆربەی ناوچەکانی (ئەو دیوڕوبار و خوراســـان و وڵاتی فارس و وڵاتی چیا و غزنە وکرمان ومکران بلاد ســـند وطالقان) وچەندان شوێنی تر بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی، توانی کۆتای بە دەسەڵاتی (سوڵتان عوسمان)[٩]ی خاوەنی سەمەرقەند بێنێت و بیکوژێت(ابی الفیداء،١٩٥٨: ١٠٩-١١٠)،(الدواداری،١٩٧٢: ٢١٧)،(الصـــفدی، ٢٠٠٠: ٢٠٠) کە ئەم پەرەســـەندنە لە خانی مەغۆل شـاراوە نەبو بە تایبەت کاتێک بە نێراوەکانی دا ئەو پەیامەی بە خوارزم شـاە گەیاند لە بەهاری (٦١٥ک/١٢١٨ز) کە فراوانی دەســـەڵات و قەڵەمرەوی فەرمـانڕەوایەتیم لە زۆربەی هەرێمەکـانی زەویـدا زانیوە(نســـوی،١٣٨٧: ٤٩)،(رشـــیدالـدین، ١٣٧٣: ٤٧٣)ئەوەش دوای ئەوەی خوارزم شـــاە توانی بوی کۆتـایی بەدەســـەڵاتی قەرەخەتاییەکان لە ســـاڵی (٦٠٦ک/١٢٠٩ز) بێنێت ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژێت و پاشـــاکەیان (تاینکوە)بەدیل بگرێت(ابن الاثیر،٢٠١٢: ٢٥٨)،(الذهبی، ١٩٨٥: ١٤٠) بەم شێویە ئەو دەسەڵاتە سیاسیە (دەوڵەتی قەرەخەتایی) وەک بەربەســتێک و قەڵایەک وابو لە نێوان خوارزم و مەغۆل، لەلایەن (خوارزم شـاە)کۆتای پێهێنرا کە باوک و باپیرانی بە هەمو شـــێوەیەک پارێزگاریان لە مانەوەی ئەو دەوڵەت و دەســـەڵاتە دەکرد کە وەک قەڵخان بو بۆ دەوڵەتی خوارزم بەرامبەر مەغۆل، لێرەوە (جنگیزخان) هەســـتی بە بەهێزی دەســـەڵاتی خوارزم شـــاە کرد وەک تاکە ڕکابەری سیاسی لە ناوچەکە، لەبەر ئەوە لە سـەرەتاوە هەوڵی دا پەیوەندییە سـیاسـیەکانی لەپاڵ بەرژەوەندیە ئابوری و ســـەربازیەکانی بەئاشـــتی دەســـت پێبکات، ئاڵوگۆڕی نێردراو باڵوێز هەبێت لەنیوانیاندا(الجوینی،٢٠٠٧: ١٠٧) بەڵام کوشـــتنی نێردراوە ســـیاسی و دیبلۆماســـیەکانی مەغۆل لەلایەن دەوڵەتی خوارزم و(عەلائەددین خوارزم شـــاە) وەک تەحەدایەکی دەســـەڵاتی ســـیاسی (جنگیزخان) ســـەیر دەکرا، بۆیە مەغۆل بۆ بەهێزکردنی هەژمون و پاراســـتنی پێگەی ســـیاسی خۆی لە ناوچەکە، وە بۆ ڕێگریکردن لە هەر دەســـەڵات و هێزێک کە لە داهاتو بوێری و جورئەتی ئەوە نەکات بتوانی بێڕێزی بەرامبەر مەغۆل بکات، وە بۆ نیشـاندانی دەسـەڵات و هێزی سـیاسی مەغۆل بەوڵاتان(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٣٣٧) (جنگیزخان) هەوڵەکانی تەنها بەیەکخســـتنی هۆز و تیرەکانی مەغۆل نەوەســـتاند، ویســـتی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دابمەزرێنێت، کە زۆربەی نـاوچەکانی جیهـانی ئەوکات لە خۆبگرێـت، پەل بهـاوێـت و ڕوبەڕوی نەتەوە و کەلتورە جیاوزەکان بێتەوە بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە چەند کردەیەکی سەربازی چڕوپڕوتوند هەبو ئەوەش دوای ئەوەی توانی بەسەر هۆزوخێڵەکانی ناوخۆی مەنگۆلیا سەربکەوێت و پێکهاتەیەکی سیاسی بەهێز دروست بکات هەمو هێز و کۆمەڵە جیاوازەکانی یەک خست لە ژێر چەتری یەک سەرکردە و یەک وتاردا(حمدی، د.س: ٨٠)،(القزاز،١٩٧٠: ٢٨)

لێرە بە دواوە خان مەبەسـتی بو ئیرادە و شـکۆ و خۆڕاگریێ و بەرخۆدانی موسـڵمانان و دەوڵەتی خوارزم لاوازبکات، کاتێک موسڵمانان دەبینن دەوڵەتی خوارزم ئیرادە و شکۆی شکاوە و کۆتایی بەو دەوڵەتە هاتوە ملکەچی ئیرادەی مەغۆل بوە وڵاتانی تریش ترس ولاوازی دایان دەگرێن(یاسین،١٩٧٨: ١٢٣) .

ئەوەی پەیوەندی بەویسـتی فراوانخوازی مەغۆلەکانەوە هەبو دوای سـەرکەوتنەکانی خان بەسـەر هێزە ناوخۆیەکان چاوی لەدەرەوەی وڵات بو، تاکو ببێتە سـەرکردەیەکی تاکڕەو لە سـەرتاسـەری ئەو ناوچەیەدا، یەکەم پەرەسـەندنی دەسەڵاتی مەغۆل لە دەرەوەی سنوری مەنگۆلیا لەساڵی (٦٠٦ک/١٢٠٩ز) ڕویدا کاتێک ئیغوریەکان لە قەرەخەتایەکان یاخی بون پەیمانی نێوانیان شـکاند ملکەچی خۆیان بۆ مەغۆل و(جنگیزخان) دەربڕی و ئامادەبون باج بدەن بە مەغۆل، ئەوە سەرەتای ملکەچکردنی نەتەوەکان بو بۆ گەلی مەغۆل(الجوینی، ٢٠٠٧: ٨٢)،(ابن العبری،١٩٩٤: ٣٩٨-٣٩٩) .

لەو چوارچێوەیە دا دواتر هێرشی کردە سـەر هەرێمی (تانجوت)، لە ناو ئەو سێ مەملەکەتانەی حوکمی (چین) یان دەکرد ئەو بێ هێزترین بو، کە ئەوانیش(سـیهیا- تبت-تانجوت)، (جنگیزخان) لە نێوان سـاڵانی (٦٠٢-٦٠٤-٦٠٦/ ١٢٠٥-١٢٠٧-١٢٠٩ز) سێ جـار هـێرشی کـردە سـەریـان، بەڵام نەیـتـوانی بـچـێـتە نـاو پـایـتەخـتەکەی تـا لە ساڵی(٦٠٦ک/١٢٠٩ز)بە ئاشتی بە پێدانی سەرانە بە مەغۆل قایل بون(ئەلعەرینی،٢٠١٠: ٧٤).

هەروەهـا دوای ئەوەی ئیمپراتۆری کین لە چینی بـاکور بەردەوام بو لەدەسـت وەردان لە کـاروبـاری هۆزەکـان (جنگیزخان) بڕیاری دا تۆڵەیان لێبکاتەوە تاکو دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەی بپارێزێت و لەهەمانکاتدا بۆ نەهیشـتنی هەژمونی سـەربازی بنەماڵەی کین بەسـەر ناوچەکەدا(مهدی-محمد،٢٠٢٤: ١٣٥) بۆیە زانیاری تەواوی لەسـەر ئەو وڵاتە وەگرت خۆی بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادەکرد بۆیە لە ساڵی (٦٠٨ک/١٢١١ز)لەگەڵ چینیەکان بەیەکیان دادا توانی چەند سەرکەوتنێک دەستەبەر بکات(فهمی، ١٩٨١: ٥٨-٥٩).

لەسـاڵی(٦١٠ک/١٢١٣ز) بۆ دوەم جار سێ سـوپای گەورەی پێکهێنا کە ژمارەیان (٧٠)هەزار سـەربازبو، چەند ناوچەیەکی گرنگی گرت، بەڵام کاتێک هەسـتی بەماندوێتی کرد لە بەرزایەکانی (شـانتونج)دا وەسـتاو گەڕایەوە مەنگۆلیـا(العبـادی-مرجونە، ٢٠١٠: ٧٦-٨٢) لە(٦١١ک/١٢١٤ز) (جنگیزخـان) نـامەی بۆ ئیمپراتۆری (چین) نـارد داوای کرد ئاشـتی بکەن، لە کۆتای هەردولا ڕێکەوتن، بەڵام ئیمپراتۆری (چین) ڕێکەوتنەکەی شـکاند، بەڵام گۆڕانکاریە ناوخۆیەکانی (چین) یارمەتی (جنگیزخان)ی دا لە سـاڵی(٦١٢ک/١٢١٥ز) لەشـەڕێکی یەکلاکەرەوەدا توانی پەکینی پایتەخت داگیر بکات وە دەسکەوتێکی زۆری دەست کەوت، پاشان لە ساڵی (٦١٣ک/١٢١٦ز) بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ مەنگۆلیـا بۆ لەنـاوبردنی دوژمنە هەڵاتوەکـانی لە خۆرئـاوا دوای ئەوەی هەواڵی بۆ هـات کە دوژمنە هەڵاتوەکـان (کشلوخان) و(توق تغان) پلانیان دژی دارشتوە(الجوینی، ٢٠٠٧: ٩٤)،(الفقی، ١٩٩٩: ١٧١).

دوای ئەوەی (جنگیزخان) هەواڵەکانی (کشـلوخانی) نایمانی پێگەیشـت کە توانیویەتی دەسـت بەسـەر دەوڵەتی قەرەخـاتیەکان دا بگرێت و دەوڵەتێکی بەهێزی دابمەزرێنێت، لەبەر ئەوە (جنگیزخـان) کاتێک لەبەشی خۆرهەڵاتی وڵاتەکەی تارادەیەک بێخەم بو بە پەلە سوپایەکی گەورەی نارد بۆ لەناوبردنی (کشلوخان)و هەڵاتوانی تر بە سەرکردایەتی (سـوبوتای-چبەنویان) لەسـاڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) توانی (کشـلوخان) بکوژێت وە (توق تغان) لەلایەن (جوجی کوڕی جنگیزخـان) کوژرا و بەوشـێوەیە هەڵاتوان لەناوبران(الجوینی،٢٠٠٧: ٩٤٠٩٨)، ئەو سـەرکەوتنانەی مەغۆلەکان لەوکات دا بەسـەر (چین)و وڵاتانی تردا بەدەستیان هێنا جۆرێک لە گروتین و چست و چالاکی بە مەغۆلەکان بەخشی-کە سـەرکەوتن و دەسـکەوتە بیشـومارەکانیان بیر خۆیان دەهێنایەوە لە نێوان خۆیاندا باسـیان دەکرد، ئەمە وایکرد نەخشـەی داگیرکردنی وڵاتـان دابنێن بەتـایبەت وڵاتـانی خۆرئـاوا بەتـایبەتر دراوسێ بەهێزەکەیان دەوڵەتی خوارزم(ابن

الاثیر،٢٠١٢: ٣٣٤)، هەروەها (بارتولد) پێی وایە ئاراستەی (جنگیزخان) بۆ شەڕی سوڵتان و دەوڵەتی خوارزم ناگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵکوژی (شاری ئەترار) بەڵکو پەیوەستە بە پلانی فراونخوازی جنگیزخان(بارتولد،١٩٩٦: ١٤٩).

دوای داگیرکاریەکانیان لە خاکی تورکان، دەبو درەنگ یان زو هێرش بکەنە سەربانی ئێران، هەروەها بە گشتی مەغۆلەکان رازی نەبون لە پێگەی سیاسی و سەربازی خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاست، ئامادەکاریەکانیان بۆ هێرش و پەلاماردان و گرتنی ناوچە گرنگەنی ئاسیا و لە ناوبردنی دەسەڵاتە ناسراوەکانی ئەوکات بەتایبەت خیلافەت عەباسی، وای کرد داگیر کردنی خوارزم وەک پێگەیەکی ناوەندی بەیەک گەیاندنی ستراتیجی لەنێوان (چین و عێراق) و ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەگشتی بۆ مەغۆلەکان گرنگ بێت، بەمەش زیاتر یارمەتی دەدان لە دابین کردن و ئەنجام دانی هەڵمەتی سەربازی زیاتر بە ئاراستەی خۆرهەلات و باشوری ئاسیا(سرجانی، ٢٠٠٦: ٢١) بونی یەکەیەکی سیاسی بەهێز وەک دەوڵەتی خوارزم لەو نێوانە بەربەست و رێگرێکی سەرەکی بو لە بەردەم گەلان و هۆزە بەربەریەکانی خۆرهەڵاتی ڕوباری جیحون لە گەیشتنیان بە خیلافەت عەباسی و ناوچەکانی خۆرئاوای ئاسیا بە گشتی، دەوڵەتی خوارزم وەک دەرگای ماڵێک دەچوێنراو و ڕۆڵی دەگێڕاو بۆ چونە ژورەوەی خۆرئاوای ئاسیا و باقی وڵاتی موسڵمانان(حمدی، ب.د.س: ٢٦٨) دەوڵەتی خوارزم جگە لە پردێک هیچی تر نەبو بۆ تێپەڕبونی مەغۆل بۆ ناو خیلافەت عەباسی .مەغۆلەکان ئامانجیان لە گەیشتنیان بە خوارزم سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بو بە سەر ئەو وڵاتەدا، پاشان وەک دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە (بەغداد)ی پایەتەختی جیهانی ئیسلامی و پاشان پلانیان بۆ دەست گرتن بە سەر هەمو جیهان(یاسین، ١٩٧٨: ١٢٠). لەوسۆنگەیەوە پێمان وایە مەغۆل دەوڵەتی خوارزمی وەک دەروازەیەک دەبینی بۆ گەیشتن بەجیهانی تازە، کرانەوە بەڕوی ئەو جیهانە پر لە دەسکەوت و فراوانە ئاشنابون بەشتانێکی نوی کەپێشتر پەیان بەبونی نەبردوە بەتایبەت لەئامێرە جەنگیەکان کە بۆ مەغۆل مایەی سەرسوڕمان بون وە زۆر پێویستیان بو بۆ گەیشتن بەخەونەکانیان.

**چوارەم : ڕەهەندی ململانێی خیلافەت عەباسی و دەوڵەتی خوارزم**

سەرەتای پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان عەباسیەکان و خوارزمییەکان، دەگەڕێتەوە سەردەمی خەلیفە(المسترشدبالله)(٥١٣-٥٢٩ک/١١١٩-١١٣٤ز)،کاتێک ئەم خەلیفەیە لە ساڵی (٥٢٨ک/١١٣٣ز) لەسەردەمی خوارزم شاە (أتسز_ کوڕی محمد کوڕی أنوشتکین)دیاری و عەباو تەشریفاتی بۆ ناردوە، وە لە سەردەمی هەریەک لە خەلیفە(الراشدبالله)(٥٢٩-٥٣٢ک/١١٣٤-١١٣٧ز) و خەلیفە(المقتفی لأمراللة)(٥٣٢-٥٥٥ک/١١٣٦-١١٦٠ز) پەیوەندی هاوکاری و دۆستایەتی هەبوە، لە هەمانکاتدا (أتسز_) لەپاڵ خەلیفە وەستاوە بۆ ڕزگاربونی خەلافەت لە هەژمونی سەلجوقییەکان، بەم شێوەیە پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان هەردولادا بەردەوام بو لە چوارچێوەی دانپێدانانی یەکتر دا، سوڵتانەکانی خوارزمی دڵسۆزی و ملکەچی خۆیان بۆ خیلافەت عەباسی نیشاندا(بشیرمحمد-خضر_، ٢٠١٦: ١٢-١٣) بەهەمان شێوە لە سەردەمی خیلافەت (المستنجدبالله)(٥٥٥-٥٦٦ک/١١٦٠-١١٧٠ز) وپاشان لەسەردەمی (المستضیءبأمر اللة)(٥٦٦-٥٧٥ک/١١٧٠-١١٨٠ز) ئەمە بەردەوام بو، ئەمەش بەو نامانەی لە نێوان هەردولا ئالوگۆڕ دەکرا پشت ڕاست دەکرایەوە، لەوکاتەدا خیلافەت عەباسی لە ژێر هەیمەنەی لقی سەلجوقییەکانی عێراق دابو، بەڵام دواتر لە سەردەمی خەلیفە (ناصرلدین الله)(٥٧٥-٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز) بە خێرای پەیوەندییەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهات، ناکۆکی سەری هەڵدا لە سەردەمی خوارزم شاە (عەلائەددین تکش)(٥٦٨-٥٩٦ک/١١٧٢-١١٩٩ز) (الوطواط،١٣١٥: ٢٦-٢٧)،(إدریس، ٢٠٢١: ٧١).

دوای مردنی (سوڵتان سەنجەری سەلجوقی) لە(٥٥٢ک/١١٥٧ز) دەسەڵاتی سەلجوقییەکان لە وڵاتی (فارس) بەرەو لەناوچون چو کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات لە وڵاتی فارس، بە مردنی سوڵتان (ئیل ئەرسەلان) (٥٥١-٥٦٨ک)

خوارزمی ململانێ لە نێوان کوڕەکانی دا دروست بو بە تایبەت لە نێوان (سولّتان شاه) و (عەلائەددین تکش)ی برای دواتر (سولّتان تکش)بەیارمەتی قەرەخەتایەکان تەختی دەوڵەتی خوارزمی گرتە دەست(٥٦٨- ٥٩٦ک/١١٧٣-١١٩٩ز) (الحسینی، ١٩٨٥: ١٧٥) (خوارزم شاه تکش) ئارەزوی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی هەبو بەرەوە خۆرئاوا بە ئاراستەی ناوچەکانی سەلجوقی لە عێراق و خیلافەت عەباسی، دوای ئەوەی (سولّتان توغرۆڵ بەگ کوڕی ئەرسەلان/ ٥٨٢-٥٩٠ک/ ١١٨٧-١١٩٣ز)توانی دەسەڵات بگرێتە دەست ویستی دوبارە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان لە (بەغداد) بەهێز بکاتەوە داوای کرد دیوانی (دار سلطنه) نۆژەن بکرێتەوە، ئەمەش لەگەڵ ویست و ئارەزوەکانی خەلیفە عەباسی (الناصرلدین الله) (٥٧٥-٦٢٢ک/١١٧٩-١٢٢٥ز) نە دەهاتەوە کەکاری دەکرد بۆ دوبارە بە هێزکردنەوەی پێگەی خەلافەت و نەهێشتنی پاشماوەی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان لە عێراق(ابن الوردی،١٩٦٩: ٩٧) لەوکاتدا خەلافەت و خەلیفە (ناصرلدین الله) ئەو هێز و توانایەی نەبو بە تەنها بتوانێ ڕوبەڕوی پاوەنخوازی سەلجوقییەکان ببێتەوە و لە ناویان ببات، بۆیە پەیوەندی بە خەوازرمیەکانەوەکردوە، کە تازە دەرکەوتبون لە سەر گۆڕەپانی سیاسی لە ناوچەکە، بۆیە تاکە هێز بون کە بتوانێ پشتیان پێ ببەستێت، بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە و ڕزگاربون لە نفوزی سەلجوقییەکان، بەو هۆیەوە نامەیەکی بۆ خوارزم شاه (عەلائەددین تکش) ناردوە سکاڵای لە (توغرۆڵ بەگ) دواهەمین سولّتانی سەلجوقی کردوە داوای لێکرد کە بەرەنگاری ئەو سولّتانە ببێتەوە بیکوژێت و کۆتایی بەدەسەڵاتیان بهێنێت لەساڵی (٥٩٠ک/١١٩٣ز)، ئەم داخوازیەی خەلیفە دەرفەتێک و هەلێک بو بۆ خوارزمییەکان و (عەلائەددین تکش) بۆ بەدیهێنانی ویستە فراوانخوازییەکانیان لە سەر حسابی سەلجوقییەکان، لەوکاتەدا بەرژەوەندیەکانی خەلافەت و خوارزمییەکان یەکانگیر بون بۆ نەهێشتی سەلجوقییەکان، لەبەر ئەوە (عەلائەددین تکش) بەرەو خۆرئاوا بەرێکەوت بە سوپایەکی گەورە بەبێ هاوکاری سوپای خەلیفە لە ئەنجامدا هەردو سوپا لە نزیک (شاری ڕەی) لەساڵی (٥٩٠ک/١١٩٣ز) بەیەک گەیشتن جەنگێکی خوێناوی ڕویدا لە نێوانیان سەرئەنجام (توغرۆڵ بەگ) لەو جەنگەدا کوژراوە و سەریان لە لاشەی جیاکردەوە بۆ (خوارزم شاه)یان نارد ئەویش وەک دیاریەک ناردی بۆ خەلیفە بەو شێوەیە کۆتایی بە دەسەڵاتی سەلجوقییەکان لە عێراق و وڵاتی فارس هات(ابن الاثیر،٢٠١٢: ١٢٧-١٢٨)،(مجهول، ٢٠١٠:٢٢٤)،(الحنبلی،١٩٨٩:٤٩٣) .

ئەو ڕێکەوتن و پەیوەندییە نزیک و دۆستانەی نێوانیان درێژ خایەن نەبو، سەرەتای ململانێ و ناکۆکی نێوان خیلافەت عەباسی و خوارزمییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوازم شاه(عەلائەددین تکش) بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی کە خوارزم شاه بە سەر سولّتان (توغرۆڵ بەگ) ی سەلجوقی بەدەستی هێنا، (عەلائەددین تکش) ڕەتی کردەوە ئەو خلعە (عەبای سولّتانیەت) قبوڵ بکات کە لەلایەن خەلیفەی عەباسیەوە (ناصرلدین الله) بە وەزیرەکەیدا (مؤید الدین القصاب) ناردبوی وەک ڕێز و پێزانینی خەلیفە بۆ هەوڵەکانی خوارزم شاه بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، (ابن القصاب) بە دوری چەند فەرسەخێک لە نزیک هەمەدان وەستا و دابەزی نەچوە ناو (هەمەدان)کە خوازم شاه لەوێ چاوەڕێی بو، داوای کرد سولّتانی خوارزم (عەلائەددین تکش) بێتە لای لە دەرەوەی (هەمەدان) بۆ ئەوەی عەبای خەلافەت لەبەر بکات لە ناو خێمەکەی خۆیدا، پێدەچێت خەلیفە و وەزیرەکەی مەبەستیان ئەوە بو بێت بزانن ئاخۆ تاچ ڕادەیەک (خوارزم شاه تکش) ڕێز لە ئیرادە و شکۆی خیلافەت عەباسی دەگرێت، (خوارزم شاه تکش) گومانی هەبو ئەوە فێڵێک بێت بۆ دەسگیرکردنی بۆیە هێرشی کردە سەر ئۆردوگای وەزیر تاکو دەستگیری بکات، بەڵام وەزیر هەڵات بۆ ناو شاخەکانی (هەمەدان) خوارزم شاه گەڕایەوە بۆ خوارزم(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ١٢٨)،(عبد،٢٠١٣: ٢٠٧)

خەلیفە هەستی بەنیازی دوژمن کارانەی (عەلائەددین تکش) کرد بەرامبەر بە خەلافەت بۆی دەر کەوت خوارزمییەکان ئامانجیان سەڵتەنەتە و هەڕەشەیەکی کەمترنین بۆ سەر خەلافەت لە سەلجوقییەکان، لەبەرئەوەی خۆیان بەمیراتگری سەلجوقییەکان دەزانی دوای ئەوەی تەختەکەیان لە فارس بە مردنی (سوڵتان سەنجەر) و لە عێراق بە مردنی (سوڵتان توغرۆڵ بەگ) نەهێشت، خۆیان لە سەلجوقییەکان بە پێشتر دەزانی لەومافانەی کەهەیان بو لای خەلیفە، کە ئەمە لەگەڵ ویستی خەلیفە نەدەهاتەوە کە ئامانجی بو سنوری خۆی بەرەو خۆرهەڵات و عێراقی عەجەمی فراوان بکات کە خوارزمییەکان تیایدا باڵا دەست بون، ئەمە هۆی تێکچونی پەیوەندی نێوانیان بو، خوارزمییەکان نەیان دەویست دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بێت دوای ڕوخانی سەلجوقییەکان، لەبەر ئەوەی موڵکو ماڵەکانیان ببون بەهاوسێی مڵکوماڵی خەلیفە لە عێراق(مقابلة، ٢٠١٢: ٢١٨) خەلیفە بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراقی عەجەمی فەرمانی بە وەزیرەکەی (ابن القصاب) کرد بچێتە وڵاتی خوراسان و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتەوە لە ساڵی (٥٩١ک/١١٩٤ز) ناوبراو دەستی بەسەر (هەمەدان و ڕەی) چەند ناوچەیەک دا گرت دوای ئەوەی (ابن القصاب) کۆچی دوای کرد، سەرکردایەتی سوپا بە (سەیف ئەددین توغرۆڵ) درا توانی دەست بەسەر (ئیسفەهان) دا بگرێت بە هاوکاری و پشتیوانی دانیشتوانی شارەکە کە لە سوپای خوارزم بێزا بون، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم خوارزم شاە (عەلائەددین تکش) توانی بەسەر سوپای خەلیفەدا سەرکەوێت و ناوچەکانی (ڕەی، ئیسفەهان، هەمەدان) بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی(العینی، ٢٠٠٧: ٤٢).

پاشان بەهۆی خراپی ڕەفتاری خوارزمییەکان بەرامبەر خەڵکی (ئیسفەهان)، خەڵکەکە ڕقیان لێ بون بۆیە خوارزم شاە فەرمانی دا بەکوشتنی هەمو عێراقیەک کە پۆشاکی خوارزمیان لەبەردابو، دوای ئەو شکستانەی سوپای خەلیفە توشی بو خەلیفە هەڕەشەی سیاسی لە خوارزم شاە کرد بە هاندانی موسڵمانان لە دژی گەر دەستبەرداری ئەو شوێنانە نەبێت لە زەویەکانی خەلیفە کە داگیری کردون و ڕازی بێت بەو شتانەی کەپێشتر هەیبوە(ابن خلدون، ٢٠٠٠: ١١١-١١٢)،(العبود، ١٩٧١: ٧٩) ویستە بەرزخوازییەکانی خوارزمییەکان زیاتر بو لەوە کاتێک خوارزم شاە نێردراوێکی نارد داوای لە خەلیفەی عەباسی کرد (دار سلطنه) ماڵی سوڵتانیەتی سەلجوقی ئاوەدان بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت تێیدا نیشتەجێ بێت کە چوە (بەغداد)کاتێک دەستیان بەسەر ئەو شارە دا گرت، داوای کرد لەبری ناوی سەلجوقییەکان ناوی ئەوان ببرێت لە وتاری هەینی دا، وە هەڵکۆڵینی ناویان لەسەر دراو لەتەنیش ناوی خەلیفە(الذهبی،١٩٩٩: ٧٦)،(الحسینی-ترف، ٢٠١٢: ٨) خەلیفە نێردراوەکەی بێ وەڵام ناردەوە، ماڵی سەڵتەنەتی لە (بەغداد) لە بناغەوە ڕوخاند و وێرانی کرد بە مەبەستی کۆتای هێنان بەهیوای خوارزمییەکان بۆ چونە ناو (بەغداد)، خەلیفە بیری لە ڕێگایەک کردەوە تابتوانی سنورێک بۆ چالاکی و تەماحەکانی (خوارزم شاە تکش)دابنێت بەکێشەکانی مەژغوڵی بکات، لەبەرئەوە خەلیفە پەیوەندی بە پاشای (غوریەکان وغزنە) (غیاث الدین) (٥٥٦-٥٩٩ک/١١٦٣-١٢٠٣ز) کردوە داوای لێکردوە هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی خوارزم شاە لە خۆرهەڵات و فشار بخاتە سەریان بۆیە ناوبراو درێخی نەکرد پەیامێکی بۆ خوارزم شاە ناردوە هەڕەشەی لێکرد بە هێرشکردنە سەر وڵاتەکەی و گرتنی وڵاتەکەی، لە بەرامبەردا (تکش) هەستی بە مەترسی کرد داوای هاوپەیمانی ویارمەتی لە (قەرەختاییەکان) کرد، بەڵام لە ئەنجام دا لە بەرامبەر (غوریەکان) شکان لە (٥٩٤ک/١١٦٧ز) پاشان لە سەر قەرەبوی کوژراوانی شەڕ لەگەڵ (قەرەختاییەکان) پەیوەندیان تێک چو، لە کۆتای لەگەڵ (غوریەکان) ئاشت بۆوە بەمەرجی دەست بەرداربون لەدژایەتی کردنی خەلیفە(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ١٥٣-١٥٥)،(الذهبی،١٩٨٥: ١٠٩)، پاشان پەیوەندی (خوارزم شاە تکش) و خەلیفە (الناصرلدین الله) بەرەو باشی چو لە (٥٩٦ک/١١٩٥ز) خوارزم شاە برازاکەی خۆی (ئەمیر سەیف)ی بۆ (بەغداد) نارد بۆ نیشاندانی ڕێز و

گوێڕایەڵی و داوای لێبوردن کردن لە خەلیفە لە بەرامبەردا خەلیفە عەباو دیاری و مافی حوکمرانی ناوچەی شاخاویەکان بە دەوڵەتی خوارزم دا و عەبا ودیاری بۆ کوڕەکەی (قطب الدین) نارد(النویری،ب.د.س: ١٤٣)،(ابن خلدون، ٢٠٠٠: ١١٣) پاشان خوارزم شاه (عەلائەددین) لە ڕەمەزانی(٥٩٦ک/١١٩٥ز) لە (شەهرستان) لەنێوان (نیساپور و خوارزم) کاتێ بەرەو (خوراسان) دەچو نەخۆشیەکەی توندبو کۆچی دوای کرد(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ١٧٠)،(بردی، ١٩٣٦: ١٥٥)

سەبارەت به پەیوەندی خوارزم شاه (عەلائەددین محمد کوڕی عەلائەددین تکش کوڕی ئەرسەلان) (٥٩٦-٦١٧ک/١١٩٩-١٢٢٠ز) لەگەڵ خەلیفە (ناصرلدین الله)، دوای مردنی (عەلائەددین تکش)ی باوکی لە سەرتەختی دەوڵەتی خوارزم دانیشت، کەنزیکەی(٢١) ساڵ فەرمانڕەوای کرد پەیوەندی لەگەڵ خیلافەت عەباسی بەگشتی لە نیوەی یەکەمی حوکمرانیەکەی زۆرباش و ئارام بو، ئەو نامەو نێردراو و شاندانەی لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ دەکرا گوزارشت بو بۆ بونی پەیوەندییەکی باش لەنێوان هەردولادا، کە ڕەنگە خوارزم شاه بەهۆی سەرقاڵی بەکێشە ناوخۆیەکان و شەڕەکانی لەگەڵ (غوریەکان و قەرەخەتاییەکان) بو بێت و نەی ویستبێت بچێتە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لەگەڵ خیلافەت عەباس(أبوالفداء، ١٩٥٨: ٩٨)،(فامبری، ١٩٨٧: ١٥١-١٥٢) خوارزم شاە ویستی بەردەوامی بەسیاسەتی پێشینانی بدات بۆیە چەندان نێردراو لە ساڵانی (٦٠٠-٦٠١-٦٠٣-٦٠٥ک/ ١٢٠٣-١٢٠٤-١٢٠٦-١٢٠٨ز) لەنێوانیان ئاڵوگۆڕ کرا، بۆ داواکردنی مافی خوارزمییەکان لە خوێنەوەی وتاری هەینی بەناوی ئەوان لە سەر مینبەرەکانی (بەغداد)، بۆ ئەم مەبەستە خوارزم شاه یەکێ لەکەسە نزیکەکانی خۆی بەناوی قازی (مجرالدین عمر کوڕی سعید الخوارزمی)[١٠]، زیاتر لە جارێک بۆ (بەغداد) نارد نامەیەکی پێدا نارد بۆ داواکردنی خوێندنەوەی خوتبە بە ناوی ئەوان کە تێیدا هاتبو لەگەڵم بە وەک چۆن خەلیفەکانی پێشتر لەگەڵ سوڵتانەکانی سەلجوقی بون و کاروباری (عێراق و بەغداد)بە من بسپێرە ئێوە تەنها لە خوتبە ناوتان دەمێنێت، بەڵام عەباسیەکان داواکەی (عەلائەددین محمد) خوارزم شاە ڕەت کردەوە وتیان بارودۆخێک وای کرد سەلجوقییەکان فەرمانڕەوای(بەغداد) بکەن(نسوی، ١٣٨٤: ١٩)،(السیوطی،٢٠٠٣: ٥٣٧)

پاشان خوارزم شاه چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر گرتەبەر بۆ دژایەتی کردنی خەلیفە و هەوڵ دان بۆ لابردنی، چەندین پاڵنەر و هۆکار هەبون پاڵی بە خوارزم شاە نا هێرش بکاتە سەر خەلیفە و شاری (بەغداد)، لەوانە پابەند نەبون بە بڕیاری خەلیفە بە لابردنی (الظاهر بأمر الله) لە جێنشینی لە ساڵی (٥٨٥ک/١١٨٩ز) بەهۆی بێتوانانی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لابردنی ناو هێنانی لە وتاری هەینی لە ساڵی(٦٠١ک/١٢٠٤ز)، خوارزم شاە ڕەتی کردەوە لەجێنشینی لای بدات، وتی بەرای من شیاوە هۆکاری لادانی ناپەسەندە کردیە بیانو بۆ چونە (بەغداد) بۆ دانانەوەی جێنشین(ابن الاثیر،٢٠١٢: ٢١٠)،(ابن کثیر،د.س: ٤٠)، و دۆزینەوەی هەندێک بەڵگە و نامە لەلایەن خوارزم شاە کاتێک دەستی گرت بەسەر شاری (غەزنە)دا دوای سەرکەوتنی بەسەر (غوریەکان) لە ساڵی (٦١٢ک-١٢١٥ز) کە تیایدا خەلیفە (ناصرلدین الله) هانی (غوریەکان)ی دا بو هێرش بکەنە سەر خوارزمییەکان و شەڕی خوارزم شاە بکەن(خواندامیر، د.س: ٦٤٦) هەروەها دۆزینەوەی چەندان نامەی تر کە خەلیفە (ناصرلدین الله) بۆ تورکە خەتاییەکانی ناردوە داوای لێکردوە هێرش بکەنە سەر خوارزمییەکان لە خۆرهەڵاتەوە سەرقاڵیان بکەن تابەرەو خۆرئاوا نەیەن بۆیە چەندان دیاری و جل و بەرگ و نیشانەی دۆستایەتی بۆ ناردن وە بەڵێنی پشگیری پێدان(بردی، ١٩٣٦: ٢٦٠-٢٦١) لەلایەکی دیکە هاندانی خەلیفە (ناصر لدین الله) بۆ هەریەک لە (ئەتابەکی فارس و ئەتابەکی ئازەربایجان) بۆ دەست بەسەرداگرتنی عێراقی عەجەمی کە لە ژێر دەسەڵاتی خوارزمییەکان دابو(نسوی، ١٣٨٤: ٢١)ئەمە جگە لە هەوڵی خەلیفە بۆ کوشتنی شەریفی (مەککە) کە چەند خۆ بەخشێکی ئیسماعیلی بۆ (مککە) نارد بەڵام سەرکەوتو نەبون بە

هەڵە براکەیان کوشـــت(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٢٨١)، هەروەها کوشـــتنی (أغلمش) [١١]جێگری خوارزم شـــاە لە عێراقی عەجەمی لەلایەن ئیسماعیلیەکان بە فەرمانی خەلیفە (ناصرلدین الله)(نسوی، ١٣٨٤: ٢٢)،(اقبال، ١٩٨٩: ٣٣٣).

هەڵبەتە ئاڵنگاری نێوان خیلافەتی عەباسی و شـای خوارزم بە ڕادەیەک پەرەی سـەند بوە هۆی وەرگرتنی مەزهەبی شـیعەیە لەلایەن خوارزم شـاە (عەلائەددین محمد) بە ئامانجی لابردنی خەلیفەی عەباسی سـونە مەزهەب و دانانی خەلیفەیەکی عەلەوی لەشـوێنی ئەودا، چونکە پێی وابو عەباسـیەکان مافی شـەرعیان نیە و خەلافەتیان لە عەلەویەکان زەوت کردوە، هەروەها سـوڵتان (خوارزم شاە) پێی وابو خەلیفەی عباسی بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە لە کاری جیهاد و پاراسـتنی سـنوری موسـڵمانان، لە ئاکامی ئەو هۆکارانە بڕیای داکە خەلیفەی عەباسی (ناصرلدین الله) لابدات و ناوی لەسەر دراو وتاری هەینی لاببرێت، داوای لە زانایانی فتوای شەرعی کرد کە فتوا بدەن بەلابردن و لەکارخستنی خەلیفەی عەباسی و دانانی پیاوێک بەناوی (علاء الملک الترمزی)[١٢] لەشـــاری (ترمز)(٦٠٩ک/١٢١٢ز) ناوهێنانی لەوتار و هەڵکۆڵینی ناوی لەسەردراو(فامبری، ١٩٨٧: ١٥٧)،(حسن،١٩٦٨: ١٠١).

دوای ئەوەی خەلیفە هەمو ڕێگا و پلانێکی گرتەبەر بۆ وەســـتانی زیاد بونی هەژمونی خوارزمییەکان لەوانە هاندانی پاشـــای (غوریەکان) و ڕێکەوتن لەگەڵ (قەرەخەتایەکان) هاندانی ئیســـماعیلیەکان بۆ کوشـــتنی پیاوانی خوارزمی و هانا بردن بۆ ئەتابەکەکانی (فارس و ئازەربایجان)، بەڵام خوارزم شـــاە توانی بە ســـەر هەمو ئەو کێشـــە و بەربەســـتانە سـەربکەوێت کە خەلیفە بۆی دروست دەکردوە، توانی شکست بەپاشای خیتا بێنێت لە ساڵی (٦٠٦ک/١٢٠٩ز) وە توانی بەسـەر دەوڵەتی غوریدا زاڵ بێت لە (٦١٢ک/١٢١٥ز) دەسـت بەسـەر (غەزنە)ی پایتەختدا بگرێت، لەسـاڵی (٦١٤ک/١٢١٧ز) توانی هەریەک لە ئەتابەکی (فارس و ئازەربایجان) بخاتە ژێر دەسـەڵاتی خۆی(ابن سـاباط،١٩٩٣: ٢٦٠)،(الغسانی، ١٩٧٥: ٣٢٧-٣٤٩) بەم شێوەیە دەوڵەتی خوارزم لەسەردەمی سوڵتان (عەلائەددین محمد)گەیشتە ئەو پەری فراوانی خۆی، پاش ئەوەی سوڵتانی (خوارزم عەلائەددین محمد)شکستی هێنا لە بەدی هێنای ئامانجەکەی بەڕێگای ئاشـتی، بۆیە سـور بو لە سـەر ئەوەی بەڕێگەی توندوتیژی و شـەڕ بەدەسـتی بهێنێت، دوای گرتنی عێراقی عەجەمی بەرە و (بەغداد) کشـا کاتێک خەلیفە لە هاتنی خوارزم شـــاە بۆ عێراقی عەجەمی ئاگادار کرایەوە ویســـتی پێشڕەویەکەی بەرەو (بەغداد) بوەسـتێنێن لەوکاتەدا نوێنەری خوارزم شـاە (مجدالدین کوڕی سـعد الخوارزمی) لە (بەغداد) بوە بۆ داواکردنی مافی خوارزمییەکان لە خیلافەت عەباسی لەکاتی گەڕانەوەی (مجد الدین خوارزمی) خەلیفە شاندێکی بەسەر کردایەتی (شێخ شهاب الدین السهروردی) بۆ لای (عەلائەددین محمد خوارزم شاە) نارد کە ئەوکات لە نزیک (هەمەدان) بو تاکو پێشڕەویەکەی بوەسـتێنێت و بڕوا بە سـوڵتان بێنێت هێرش نەکاتە سـەر (بەغداد)، سـەرکەوتو نەبو لە ڕازی کردنی سوڵتان بێ وەڵام گەڕایەوە(نسوی، ١٣٨٤: ٣٢)،(الصفدی،٢٠٠٠: ٢٠٠) بۆیە خوارزم شـاە (عەلائەددین محمد) لە سـاڵی (٦١٤ک/١٢١٧ز) لەگەڵ (٤٠-٥٠) هەزار سـەرباز لە ڕێگای بەرەو (بەغداد) بەردەوام بو دوای دو ڕۆژ لە بەڕێکەوتنی لە (هەمەدان) لە یەکێک لە ناوچە شـاخاویەکانی (اسـتراباد) (بالعقبە) سـوپاکەی توشی شەپۆل و زریانێکی توندی بەفرو باران بۆوە سـوپاکەی لە جوڵەکەوت ئەوکەش وهەوا سەختە پڕ لە بەفرو بارانە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسـەر یەک بەردەوام بو لە ئەنجامدا زۆرێک لە سـەرباز و پیاوەکانی خوارزم شـاە و ئاژەڵەکان لە ناوچون پاشـماوەی سـوپاکەی لەلایەن تورک و کوردەکان هەڵکوترایە سـەریان بۆیە (خوارزم شـاە عەلائەددین محمـد) بە نـاچـاری بەژمـارەیەکی کەم گەڕایەوە (خوراسـان)(ابن الاثیر،٢٠١٢: ٣٠٠)،(نسـوی، ١٣٨٤:٣٢)،(الصفدی،٢٠٠٠: ٢٠١)

پاش ئەو هەوڵە شکست خواردوەی سوڵتان، خەلیفە هیچ هێزێکی نەبینیەوە کە بتوانی ڕکابەری خوارزمییەکانی پێبکات، ڕێگری لە پێشڕەویان بکات بۆ داگیر کردنی (بەغداد) دواجار بیری بۆ ئەوە چو هانا بۆ هێزێکی نوێ بەرێت کە لەوپەڕی خۆرهەڵات دەرکەوتبون، دوای بیرکردنەوە بڕیاری دا پەیوەندی بە مەغۆلەکانەوە بکات، نێراوێک بۆلای (جنگیزخان) بنێرێت داوای لێکرد بێت دەست بە سەر (بەغداد) دا بگرێت، هەروەها شێوازی ناردنی ئەو نێراوەی خەلیفە ناردویەتی بەجۆرێک بو کە سەری نێردراوەکە تاشراوە نامەکەی لەسەر نوسراوە بەخاڵ کوتراوە، پاشان دوای هاتنەوەی موەکانی ناردویەتی بۆ لای مەغۆلەکان و(جنگیزخان) وە نامەکەی بەدەمی بەنێراوەکە وتراوە لەبەر ئەوەی هەڵگری نامەکە دەبو بە ناو خاکی خوارزم بڕۆشتایە، خەلیفە پێی وابو (جنگیزخان) تاکە کەسە دەتوانێت سوڵتان (عەلائەددین) خوارزم شاە لەو سەرەڕۆیە بهێنێتەوە هۆش خۆی، هەندێک لە مێژونوسانی موسڵمان و بیانی پشگیری ئەو بۆچونە دەکەن و خەلیفە تۆمەت بار دەکەن کە پەیوەندی بە مەغۆلەکان کردوە هانی داون بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی خوارزم(ابن الاثیر، ٢٠١٢: ٤٠٠)،(بدر،١٩٩٩: ٦٧) هەروەها سوڵتان (جەلالەدین منكبرتی)خەلیفە (ناصرلدین الله)ی تۆمەتبار کردوە بە نوسینی نامە بۆ مەغۆلەکان و هاندانیان دژی سوڵتان (عەلائەددین محمد) باوکی تەنانەت بە هۆکاری مردنی باوکی تۆمەتباری کردوە ، بۆیە بەشێکیان بە هۆکاری سەرەکی هێرشی و لە شکرکێشی. مەغۆلی دەزانن بۆ سەر جیهانی ئیسلامی و دەوڵەتی خوارزم(ابن الجوزی، ٢٠١٣: ٢٧٣)،(خالدکریبی،٢٠١٧: ١٥٣) هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم پلانی نامە ناردنە لەلایەن وەزیری خەلافەوە (مؤید الدین القمی) ئەنجام دراوە(الصفدی،٢٠٠٠: ٢٠١) هەروەها بارتولد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێرشی مەغۆل بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم زیاتر پەیوەستە بەهاندان وپشتیوانی ولاتانی دەرەکی بەتایبەت خەلیفەی بغداد(ناصرلدین الله)(بارتولد،١٩٩٦: ١٤٩).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕو:

١- هەر لە شکرکێشی و پەلامارێک چەندان پاڵنەری ئاشکراو شاراوەی لە پشتە، هێرشی مەغۆلەکانیش بۆ سەر دەوڵەتی خوارزم لەو حاڵەتە بەدەر نەبو، کە چەندان هۆکار ئەو زەمینەیان ڕەخساندوە بۆ ڕودانی ئەو ڕوداوە مێژویە گەورەیە، کە بە شێکیان پەیوەندی بە وڵاتی هێرشبەرەوە هەیوە بەشێکیش پەیوەندی بەوڵاتی هێرش بۆکراو.

٢- سنوری جوگرافی و هاوسنوری ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بەیەگەیشتنی ئەو دو زلهێزەی ئەوکاتی خۆرهەڵات، لە بەیەگەیشتن و بەیەکدادانیان.

٣- لەپاڵ ئەو هۆکارانەی ئاماژەی بۆ کراوە بارودۆخ و پاڵنەرە ناوخۆیەکانی ناوخۆی دەوڵەتی خوارزم و باڵادەستی ڕەگەزی تورک بەسەر زۆر بەی کایەکانی دەوڵەتی خوارزم بەڕونی هەستی پێدەکرێت، لە دروست کردنی ڕاجیای لەسەر ستراتجیەتی بەرگری کردن لە وڵات و تەماح و چاوچنۆکیان بۆ دەسەڵات و سامان.

٤- بڕواو متمانە بە خۆبونی زیادی خوارزمییەکان بە خۆیان و ژمارەی هێز و توانا سەربازیەکانیان و بەکەم زانینی هێز و توانای دەسەڵاتی بەرامبەر ئەوانی بێخەم کرد لە ئامادەکاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو دوژمنە بەهێز و دڕندەیەی بەرەو ڕویان دەهات.

٥- خەون و ویستی مەغۆل بۆ گەیشتن بە جیهانی تازە کە لە ئەندێشەی خۆیان وێنایان کردبو، لەگەڵ بونی بڕواو متمانەی زۆریان بە سەروەری و هەڵبژێراوی تاکی مەغۆل بەسەر گەلانی تردا لە بەکەم زانینی ئەوانی تر بەرامبەر شکۆ سەروەریەکانی مەغۆل، وای کرد بیروفکری بە جیهانی بون لە ئەندێشەیان کەڵکەڵەبێت.

٦- چەتونی ژینگە و بارودۆخی ژیانیان لەپاڵ بونی ســەرکردەیەکی بەهێز و لێهاتو بەتوانا دا ئەوانی بۆ دروســتکردنی ئیمپراتۆیەتێک پەلکێش کرد کە دواچار بە خەونەکەیان گەیشت لەگەیشتیان بۆ ئەو پەڕی خۆرئاوا.

٧- بونی فاکتەرو پاڵنەری دەرەکی بۆ هەر یەکێ لەلایەنە شــەڕکەرەکان بە شــێوەیەکی جیاواز و کاریگەر ڕەنگی دایەوە لەسەر هەر لایەکیان لە هێنانە پێشی ئەو ڕوداو و کایە گرنگەی مێژو، کە بە جۆرێک بۆ مەغۆل بوە فاکتەری هاندان و دەســت پێشــخەری بۆ ئەو هێرش وداگیرکاریە و بۆ دەوڵەتی خوارزم بوە بەربەســت و ڕێگر و دانانی ســنور بۆ بەرزەخوازییەکانیان لەناوچەکە.

## سەرچاوەکان:


ابن الأثير، أبو على بن محمد الجزري .(ت630ك/1232ز)،(2012)، الكامل فى التاريخ، تحقيق: عمر عبدالســلام تدمرى، دارالكتاب العربى، بيروت.

الادريسى، محمد بن محمد بن عبدالله.(ت٥٦٠ک/١١٦٤ز)،(٢٠٠٢)، نزهة المشتاق فى اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية ،القاهرة.

ابن تغري بردى، جمال الدين أبى المحاســن يوســف الاتابكە.(ت٨٧٤ک/١٤٦٩ز)، (١٩٣٦)، النجوم الزهرة فى ملوك مصر ــ والقاهرة، مطبعه دار الكتب المصرية،القاهرة.

الجوزجانى، القاضى منهاج السراج ابى عمر منهاج الدين عثمان.(658ك/1260ز)،(2013)، طبقات ناصري، مركز القومى للترجمة، القاهرة.

الحسينى، صدرالدين ابوالحسن علي بن ناصر.(ت622ك/1225ز)،(١٩٨٥)، زبدة التواريخ أخبار الأمراء والملوك السلجوقية، تحقيق: محمد نورالدين،الطبعة الاولى، داراقرا، بيروت.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن أبي بكر محمد بن حســن.(ت808ك/1405ز)، (٢٠٠٠)، تاريخ ابن خلدون ، دارفكر للتباعه والنشر، بيروت .

الدواداري، ابوبكر بن عبداللة بن ايبك.(ت736ك/1335ز)ن(١٩٧٢)، الدرر المطلوب فى اخبار بنى ايوب (كنز الدرر وجامع الغرر)، تحقيق: سعيدعبد الفتاح عاشور، القاهرة.

الذهبى، شمس الدين ابى عبدلله محمد بن أحمد بن عثمان.(748ك/1347ز)،(1996)، سير اعلام النبلاء، حقق: بشار عواد معروف- محيى هلال السرحان،الطبعة الحادى عشر، مؤسسة رسالة، بيروت.

الذهبي، شــمس الدين ابى عبدالله محمد بن أحمد بن عثمان.(ت748ك/1347ز)،(١٩٩٧)،تاريخ الإســلام وفيات المشــاهير والأعلام، تحقيق:عمر عبدالسلام التدمرى، دارالكتاب العربي، بيروت.

الذهبى ، شــمس الدين ابى عبدلله محمد بن أحمد بن عثمان .(ت748ك/1347ز)،(١٩٨٥)، (١٩٩٩)، دول الاســلام ، تحقيق: حســن اسماعيل مروة، الطبعة الأولى، دارصادرللطباعة والنشر، بيروت.

الذهبى، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان.(ت748ك/1347ز)،(١٩٨٥)، العبر فى خبرمن غبر، تحقيق، أبوهاجر محمد بن بسيونى زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت.

ســبط ابن الجوزي، شــمس الدين ابي المظفر يوســف اليبغدادى(ت654ك/1256ز)،(2013)، مرأة الزمان فى تواريخ الأعيان، حققه إبراهيم الالزيبق، دار الرسالة العالمية، بيروت.

السيوطى،الامام جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر.(ت911ك/1505ز)،(٢٠٠٣)، تاريخ الخلفاء، تحقيق: إبراهيم صالح، الطبعةالثانية، دار صادر، بيروت.

الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبك.(ت764ك/1362ز)،(٢٠٠٠)، الوافى بالوافيات، تحقيق: أحمد الأرنأوط -تركى مصطفى، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

ابن العبرى، غريغوريوس ابن الفرج جمال الدين(ت685ك/1286ز)،(1986)، تاريخ الزمان، نقلة الى العربية:الأب إســطق ارملة، دارالمشرق ، بيروت.

بن العبرى ،غريغوريوس ابن فرج جمال الدين.(ت685ك/1286ز)،(١٩٩٤)، تاريخ مختصر الدول، الطبعةالثانى،دار الرائداللبنانى.

ابن العماد الحنبلی، ابي الفلاح عبدالحي بن العماد .(ت580ك/1578ز)،(١٩٨٩)، شذرات الذهب فی أخبار من ذهب، تحقيق:عبدالقادر الارناؤوط، دار ابن كثير، بيروت.

العمری، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله.(ت٧٤٩ك/١٣٤٨ز)،(٢٠١٠)، مسالک ألأبصارفی ممالك ألأمصار، تحقيق:مهدى النجم، الطبعةالأولی، داركتب العلمية، بيروت.

العينى ،بدرالدين محمود.(ت٨٥٥ک/١٤٥١ز)،(٢٠٠٧)، عقيد الجمان فی تاريخ اهل الزمان، تحقيق: محمود رزق محمود، دار كتب والوثائق القومية، القاهرة.

ابی الفداء، عماد الدين اسماعيل بن علي ابن عمر بن ايوب.(ت732ك/1331)،(1958)، المختصر فی اخبار البشر، بالمطبعة الحسينية المصرية، د.م.

القزوينی، زكريا بن محمد بن محمود.(ت٦٨٢ک/١٢٨٣ز)، (١٩٦٠)، اثار البلادوأخبار العباد، دار صادر، بيروت.

القلقشندی ، أحمد بن علي .(ت821ك/1418ز)،(١٩١٤)، صبح الأعشى فی صناعة الإينشا، مطبعه الامير، القاهره.

ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن كثير الدمشقی.(ت774ك/1372ز)، (د.س)، البدايه والنهايه، مطبعةالسعادة.

مؤلف مجهول توفي بعد.(ت٦٥٥ک/١٢٥٧ز)،(٢٠١٠)، تاريخ دولة الاكراد والاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، تحقيق: موسى مصطفى الهسنيانی، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

النويری، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب)(ت733ك/1332ز)،(ب.د.س)،نهاية الأرب فی فنون الأدب، تحقيق:نجيب مصطفى فواز وحكمت كشلی فواز، داركتب العلمية،بيروت.

ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم .(ت٦٩٧ک/١٢٩٨ز)،(١٩٥٧)، مفرج الكروب فی اخبار بنی ايوب ، تحقيق: حسين ربيح، مطبعة داركتب ،القاهرة.

ابن الوردی، زين الدين عمر بن مظفر.(ت749ك/1348ز)،(١٩٦٩)، تاريخ ابن الوردی، مطبعة الحيدرية،النجف.

ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدالله.(ت626ك/1229ز)، (١٩٧٧)، محجم البلدان، دارصادر، بيروت.

فامبری،ارمنيوس. (١٩٨٧)، تاريخ بخاری منذ اقدام العصور حتى العصر المحاضر، تحقيق: احمد محمود الساداتی، مكتبة نهضة الشرق، القاهره.

حمدو لله مستوفی القزوينی ،ابوبكر بن احمد بن نصر القزوينی(75ك/1349ز)،(١٣٨٧)، تاريخ گزيده، تهران.

خوادامير، غياث الدين بن همام الدين حسين. (942ك/1535)(ب.د.س)، تاريخ حبيب سير فی اخبار افراد البشر،خيام مركز تحقيقات رابانه ای قائيمه اصفهان، اصفهان.

الجوينی،علاء الدين عطا ملك بن بهاء الدين محمد.(681ك/1283ز)،(٢٠٠٧)، تاريخ جهانكشای، تحقيق: محمدعبدالوهاب القزوينی، مركز القومی للترجمه،القاهره.

الهەمەدانی ،رشيد الدين فضل اللة.(718ك/1318ز) ،(١٣٨٤)، جامح التواريخ ، بەتصحيحوتحشيەء، محمدروشن-مصطفی موسوی، چاپخانەكتيبە،نشر البرز،تهران.

نسوی، محمد بن احمد.(٦٣٩ک/١٢٤١ز)،( ١٣٨٤)،سيرت جلال الدين منكبرنی، بتصحيح وبا مقدمه وتحليقات : مجتبی مينوی، شيرين، تهران.

ئيبن خەلدون، عبدالرحمن بن محمد بن محمد بن أبي بكر محمد بن حسن(ت808ك/1405ز) ،(٢٠١٦)، موقەديمە، چاپخانەی گەنج، سلێمانی

ئەلسەياد ،فوئاد عەبدول موعتی .(٢٠٠٨)، مەغۆل لە مێژودا، چاپخانەی ڕون، هەولێر.

ئەلعەرينی ،سەيد باز .(٢٠١٠)، مێژوی مەغۆل، چاپخانەی خۆرهەڵات،(هەولێر.

توفيق،زرار صديق. (٢٠١٠)، كوردو كوردستان لەڕۆژگاری خەلافەتی ئيسلاميدا(١٦-٦٥٦ک/٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپخانەی خۆرهەڵات، هەولێر .

حسين، حسێن عبدالرحمن. (٢٠٢٤)، كۆچی كوردان بۆ وڵاتی شام و مصر لە سەدەكانی (٦-٧ک/١٢-١٣ز)، چاپخانەی تەفسير، هەولێر.

ديورانت ،ويڵ.(٢٠٠٧)، مێژوی شارستانيەت، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

رسول، إبراهيم رسول.(٢٠٢٠)، پێكهاتەكانی كوردستان لە سەردەمی عەباسيدا، چاپخانەی نارين، هەولێر.

ساندرز ،ج.ج. (٢٠٠٩)، مێژوی داگيركاری مەغۆل، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

قادر،کامەران محمد .(٢٠٠٨)، کاریگەری شوێن لەسەر بزوتنەوەی مێژو، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
کەمال، محمد .(٢٠٠٤)، بون و داهێنان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
المەلاح ،هاشم یەحیا.(٢٠١١)، دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژو، چاپخانەی خۆرهەڵات، هەولێر.
مەکیاڤیللی، نیکۆلۆ .( ٢٠١٩)، میر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
اشتیانی، عباس أقبال. (1989)، تاریخ ایران بعد الاسلام، دار الثقافة والنشر والتوزیح،القاهرة.
بارتولد، ڤاسيلی ڤلاديمنيروڤتش شبولر. (١٩٨١)، تركستان من الفتح العربی الی الغزوالمغولی، مجلس الوطنی للثقافی والفنون ولادب،الکویت .
بارتولد، ڤاسيلی ڤلاديمنيروڤتش شبولر.(١٩٨٢)، العالم الاسلامی فی العصر المغولی، نقلهالی العربيه خالد اسعد عيسی، راجعه سهيل زکار، طبعةالأولی ، دارحسان للطباعهوالنشر، دمشق.
بارتولد، (١٩٩٦)، تاريخ الترک فی اسيا الوسطی، الهيئه المصريهالعامهللکتاب،القاهره.
بدر، مصطفی طه .(1999)، محنة الإسلام الكبرى اوزال الخلافة العباسية من بغداد علی ايدى المغولی، الطبعة الثانية، (الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
البهجی ، إيناس حسني . (٢٠١٧)، تاريخ المغول وغزو الدولة الاسلامية، مرکزکتاب الکادمی،الاردن، عمان.
الجاف، حسن كريم .(٢٠٠٨)، موسوعه تاريخ ايران السياسی، ،لدارالعربيه للموسوعات، بيروت.
حسن، ابراهيم حسن. (١٩٦٨)،تاريخ الاسلام السياسی والدينی والثقافی والاجتماعی، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة .
حمدی، حافظ احمد .(د.م،د.ت)الدولة الخوارزمية والمغول، دارالفكرالعربی.
الخالدی، اسماعيل عبدالعزيز.(١٩٨٤)، العالم الاسلامی و الغزوالمغولی، مكتبة الفلاح،الكويت.
الدوری، عبدالعزيز وأخرون.(د.ت)، تفسير التاريخ، مطبعة الإشاد، بغداد.
رشدالدين الوطواط، رشدالدين محمد العمری.(١٣١٥)، مجموعه رسائل الوطواط، مطبعة المعارف ،مصر.
ابن ساباط، حمزة بن احمد بن عمر.(١٩٩٣)، صدق الاخبار تاريخ ابن ساباط، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمری،لبنان.
سليمان، احمد عبدلكريم .(١٩٨٤)، المغول و الممالک حتی نهاية عصر الظاهر بيبرس(648-676ك/1250-1277ز)، دارالنهضة العربيهللطبع والنشرو التوزيح،القاهره.
السرجانی، راغب .(٢٠٠٦)، قصه التاتار من البدايه الی عين جالوت، مؤسسة اقرأ للنشر والتوزيع والترجمة، القاهرة.
سياقی، محمد دبير .(٢٠٠٩)، السوڵتان جلال الدين خوارزمشاه فی ميزان التاريخ، المطبح الاميريه،القاهره.
صبره، عفاف سيد .(١٩٨٧)، التاريخ السياسی الدولة الخوارزمية، دارلكتاب الجامعی،القاهره.
الصاوی، الصاوی محمد .(٢٠١١)، هولاكو امير السفاح، مكتبه النافده، مصر.
الصاوی، محمد الصاوی.(٢٠١٢)، جنگيزخان فاتح العالم، مكتبه النافده، مصر.
طقوش، محمد سهيل. (٢٠٠٧)، تاريخ المغول العظام والايلخانيين، دار نفاءس للطباعه والنشر واتوزيع، بيروت.
العبود، نافع توفيق. (١٩٧١)، الدوله الخوارزميه نشائتها علاقاتها مع الدول الاسلاميه.نظمها العسكريةوالادارية(490-628ك/1097-1231)، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
العبادی، أحمد مختار ،و مرجونة، إبراهيم محمد علی .(2010)، المغول والحضارة اللإسلامية، مؤسسة شباب الجامعية، ،اسكندرية.
عبدالرزاق الدباغ ،ايمان طلحت .(٢٠١٩)،نظم المغول الاجتماعية والدينية والعسكرية، دار غيداء لنشور والتوزيح، عمان.
عمران، محمود سعد .(د.س)، المغول وأوروبا، دار المعرفه الجامعيه، مصر.
الغسانی، الاشرف. (١٩٧٥)، العسجد المسبوك ، تحقيق: شاكر محمود عبدالمنعم، دار البيان، بغداد.
فهمی، عبدالسلام عبدالعزيز .(١٩٨١)،تاريخ الدوله المغوليه فی ايران، دارالمعارف،القاهرة.
القزاز، محمد صالح داود. (١٩٧٠)، الحياه السياسيه فی العراق فی عهدالسيطره المغوليه، المطبعة الضفا، النجف.
لسترنج، كی .(١٩٨٥)، بلدان الخلافه الشرقيه،الطبعة الثانية ،مؤسسة الرسالة،بيروت.
مقابلة، معن علی احمد.(٢٠١٢)، احياء الخلافة العباسية فی فترة من(٥٣٠-٦٢٢هـ)، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية ،عمان.

عالی ،سامان عثمان .(٢٠٢٢)،کورد ململانێی نێوان کەنارو ناوەندی دەسەڵات لە بەغدا لەسەدەکانی(٤-٥ک/١٠-١١ز)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، سۆران.

العيدى، إخلاص محمد ســليمان. (2008)، المغول كما أرخ لهم عطاملك الجوينى فى كتابه تاريخ جهانكشـــاي(تاريخ فاتح العالم) ، رسالةدكتورة غير منشورة، جامعة مؤتة، الاردن.

ياسين،عبد على. (١٩٧٨)، العراق فى العهد المغول اليلخانيين(٦٥٦-٧٣٦ك)، رساله دكتوره، جامعه الازهر،كليهاللغه العربيه، القاهره.

إدريس، هويدا عبد المنعم ســالم.(٢٠٢١)، الســفارات والعلاقات الخارجية للدوله الخوارزمية(٤٩٠-٦٢٨ك/١٠٩٦-١٢٣٠ز)، مجله الدراسات التاريغيه والحضاريه المصريه، مصر.

إدريس، هويدا عبد المعم ســالم. (2024)، الجند الأتراك و الدولة الخوارزمية، (490-628ك/1096-1230ز) مجلة كلية الأداب جامعة القاهرة، مصر.

الحسنى ،خالد موسى، ترف ،وعلاء حسين .( ٢٠١٢)، الدوله الخوارزميه دراسة فى احوالها السياسية، مجلة جامعة بابل، بابل.

طائى ،سعاد هادى حسن إيرحيم. (١٠١٥)، دراسات فى تاريخ الترك والمغول، دارمكتبة عدنان لل"باعة للنشروالتوزيح ، بغداد.

العودة،سليمان بن حمد .(٢٠٠١)، كيف دخل التتر بلاد المسلمين؟، الطبعة الثانية، دار الطيبة للنشروالتوزيع، بيروت.

عبد ،أركان طه .(٢٠١٣)، العلاقه بين الخلافه العباســيه والدوله الخوارزمية فى عهد الخليفة الناصر لدين اللة(٥٧٥-٦٢٢هـ)، مجلة دراسات التاريخية والحضارية ،جامعة التكريت ، تكريت.

غريب ،وديان ياسـين .( ٢٠١٨)،الصراع بين المغول و الخوارزميين ودوره فى اسـقاط العاصـمه بغداد، مجلةكلية التربية الانسـانية للعلوم التربوية والانسانى، جامعة بابل ، بابل.

كريــــبى، خالد .(٢٠١٧)، الغزو المغولي فى كتابات المؤرخين المسلمين -كتاب الكامل في التاريخ لابن الأثير أنموذجا، مركز الجامعى سى الحواس -بريكة-باتنة.

محمد، نيشــتمان بشــير،وخضرـ، ســلمان محمد.(٢٠١٦)، علاقات جەلالەدين منكبرتى مع الخلافة العباســة(٦١٧-٦٢٨ك/١٢٢٠-١٢٣٠ز)، جامعة بنها، مجلة كلية الأداب.

مهدى ،حيدر حســونى ، و محمد،عبير عبدالرســول .(2024)، اثر جنكيزخان فى تأســيس الدولة المغولية (603ك/1205ز)، مجلة الباحث، مجلد ثالث واربعين،العدداالاول، جزء الثانى، كانون الثانى.

## پەراوێزەکان:

١- کشــلوخان: کوڕی تاینک خان لەهۆزی نایمانی تورکی ،ناوەکەی بەواتای پاشــای گەورە و بەهێز دێت ئەو نازناوە بە شــازادە دەدرێت یەکەم ئەمیری مەسیعی بو لە وڵاتی قەرەخەتا لەساڵی (٦٠٨ک/١٢١١ز) دەستی بەسەر وڵاتی گورخان دا گرت.بڕوانە: (الجوينى،٢٠٠٧/ ج١: ٩٤)، (سياقى، ٢٠٠٩: ٤٤).

٢-گورخان: واتا پاشــای پاشــاکان یان خانی خانەکان ، نازناوی گشــتی پاشــای قەرەخەتایەکان بوە، کۆتا پاشــای قەرەخەتایەکان بو لە سەردەستی کشلوخان لە ساڵی (٦٠٧ک/١٢١٠ز) کۆتای بە دەسەڵاتی هات،بە دیلی کەوتە ژێر دەستی وڵاتەکەی لە نێوان عەلائەددین خوارزم شــاە و کشــلوخان دابەش کرا. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (الجوينى،٢٠٠٧/ ج١: ٩٤)،(أقبال، 1994: 334-349) (إدريس،2024: 407).

٣- جبە نویان: سـەرکردەی سـوپای مەغۆل بو بۆ هێرشـکردنە سـەر دەوڵەتی قەرەخەتایی وک شـلوخان توانی سـەرکەوێت و کشـلوخان بکوژێت بە ماوەیەکی کەم.بڕوانە: (نسوى،١٣٨٤: ١٦)، (الجوينى ،٢٠٠٧/ ج١: ٨٨)

٤- بدخشان: ناوی شارو ناوچەیەکە دەکەوێتە سەروی تخارستان و تەنیشت وڵاتی تورکانە. ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە و خاکەکەی بە پیتە. بڕوانە : (الهمدانى، ١٣٠٢: ٣٢٢)، (الياقوت الحموى،١٩٧٧/ج١: ٣٦٠)،(القزوينى،١٩٦٠: ٣٠٦)،(القلقشــندى ، ١٩١٤/ ج٤: ٤٤٣-٤٤٤).

٥- قراقورم- قراقوم: شارێکە دەکەوێتە بەشی دوری خۆرهەڵاتی وڵاتی تورک، وە بەشی باکوری ناوچە شاخاویەکانی قەرەقورم لە خۆرئاوا لە کەناری ڕوباری ئارخون، لەلایەن ئیغوریەکانەوە دروســتکراوە پایەختیان بوە پێی وتراوە ئودوبالق، لەزمانی تورکی ماناکەی خۆڵە ڕەشــە،

پایتەختی مەغۆلەكان بوە یەكێك بوە لەگەورەترین شارەكانی مەنگۆلیا. بڕوانە: (القلقشندی، ١٩١٤/ ، ج٤: ٤٨٠-٤٨١)، (برتولد، ١٩٨٢: ٤٣-٤٤).

٦- الســـید الاجل بهاءالدین رازی: نوێنەری ســـوڵتان عەلائەددین محمد خوارزم شـــاە بو بۆ لای جنگیزخان بۆ دڵنیابون لەڕاســـتی ئەو هەواڵانەی لەسـەر مەغۆل بیسـتبوی،بۆیە سـەركردایەتی شـاندێكی كرد بۆ چین بۆ زانینی قەبارەی سـوپای مەغۆل و هەواڵی جنگیزخان لە گەڕانەوەی دا جنگیزخان چەندین دیاری بە نرخی بۆ سوڵتان نارد.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (الجوزجانی، ٢٠١٣/ ج١: ٤٦٨).

٧- قەراقجیە: واتا پاسەوان یان پارێزگاران، بە فەرمانی جنگیزخان لە سەر ڕێگا سەرەكیەكان دانران ، بۆپاسەوانی كردنی ئەو بازرگانەبیانیانەی دێنە ناو وڵاتی مەغۆل و هاودەمی ورێنوێنی كردنیان بۆ بارەگای خان.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(الجوینی، ٢٠٠٧/ مج١: ١٠٧).

٨- ابن كفرج بغرا: نوێنەری (جنگیزخان) بو بۆ لای سوڵتانی خوارزم (عەلائەددین محمد)دوای كوژرانی بازرگانە مەغۆلەكان لە شاری ئەترار بۆ زانینی هۆكاری ئەو ڕوداوە وە تەسلیم كردنی تاوانباری ئەوڕوداوە هاتبۆ لای سـوڵتان لە سـاڵی (٦١٥ك/١١٨ز) بەڵام لەلایەن سـوڵتانی خوارزم كوژرا.بۆزانیاری بڕوانە: (سیاقی، ٢٠٠٩: ٤٣).

٩- سولتان عوسمان: یەكێك بو لە ئەمیرەكای قەرەخەتاییەكان، فەرمانڕەوای قەرەخەتاییەكانی كردوە لە ساڵی (٦٠٠ك/١٢١٠ز) سوڵتانی بوخـارا و ســـەمەرقەنـد بوە، بەفەرمـانی خوارزمشـــاە عەلائەددین لە ســـاڵی (٦٠٩ك/١٢١٢ز) كوژراوە.بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانە: (ابن الاثیر،٢٠١٢/ج١٠: ٢٥٨-٢٥٩)،(ابن خلدون،٢٠٠٠/ ج٥: ١٢٤).

١٠- مجرالدین عمر بن ســـعید الخوارزمی:كەســـێكی نزیكی ســـوڵتانی خوارزم عەلائەددین محمد بو زیاتر لە جارێك وەک نوێنەری خۆی ناردویەتی بۆ لای خەلیفەی عەباسی ناصرلدین الله بۆ داواكردنی ماف خوارزمییەكان لە خەلافەت ناوهێنانی ســـوڵتان لەوتاری هەینی. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:(العبود، ١٩٧١: ٨٦) ،(حمدی، د. س: 45).

11- أغلمش : فەرمانڕەوای هەمەدان و ئەسـفەهان وڕەی هەڵهات بۆ بەغداد دوای دەسـت بە سـەرداگیرانی وڵاتەكەی لەلایەن منكلی لە سـاڵی (٦٠٨ك/١٢١١ز) خەلیفە ڕێزی لێگرد، تاسـاڵی (٦١٠ك/١٢١٣ز) لە بەغداد مایەوە ، خەلیفە كۆتای بەدەسـەڵاتی منكلی هێنا وڵاتەكەی دابەش كرد لەنیوان خەلیفەو ئەتـایـک وجلال الـدین ،ئەتـایـک بەشی خۆی دابە ممـالیكی براكەی بەنـاوی أغلیمش ئەویش گوێڕایەڵی بۆخوارزم شـاە دەربڕی خەلیفە بە مەتوڕە بو چەند بەكرێگیراوێی ئیسـماعیلی نارد كوشـتیان خوارزم شـاە زۆر توڕەبو.بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن الاثیر، ٢٠١٢/ ج١٠: ٢٨١-٢٨٥)،(الذهبی ،1999/ ج2: 116) ،(ابن خلدون ،٢٠٠٠/ج٥: ١٠٢).

١٢- علاء الملک الترمزی: ئەوكەسایەتیە بو لە شاری ترمز دەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەی حسین كوری علی سوڵتان عەلائەددین خوارزم شاە بە خەلیفەی موسـڵمانانی ناسـاند لەشـوێنی خەلیفەی عەباسی لەسـاڵی (٦٠٩ك/١٢١٢ز)، ناوی لە وتاری هەینی دەهێنا و لە سـەر دراو ناوی نەخشاند ، بۆزانیاری بڕوانە: (فامبری، ١٩٨٧: ١٥٧)، (أقبال،١٩٨٩: ٣٣٣).